# پشیلەکەی بریژێت!

# پشیلەکەی بریژێت!

جەلال قادر

ناوی کتێب: پشیلەکەی بریژێت!
بابەت: چیرۆك
نووسینی: جەلال قادر
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠١٧

# نـــــاوەڕۆك


١- بارام و نازەنین.
٢- سێوە لاسوورە.
٣- بەهەشت لەژێر پێی دایکانە.
٤- تۆپی بەختم.
٥- تەزبیحی قەزوان.
٦- گوڵ فەرهاد.
٧- نەنکم ( کەتان).
٨- کۆترە ڕەش و سپییەکان.
٩- ڕامالینی بەفر لە ڕۆژی خۆشەویستی.
١٠- ژوانێکی تاڵ.
١١. پشیلەکەی ( بریژێت).
١٢- سوێند خواردن.
١٣- برا کوژی.
١٤- چەپەوانە.
١٥- ساتێك لەمەرگی جیهاد دڵپاك.
١٦- ژیان بە ڕەنگەوە جوانە.
١٧- نانی سووتاو.
١٨-شیشڵدانە سپییەکە.
١٩- تەنیایی!.

# بارام و نازەنین!

بارام گەنجێکی موو زەردی باریکەلانە و کەمانچە ژەن بوو. نازەنین کچێکی هەرزەکاری خرپن و خوێن شیرین و پێست سپی بالآبەرز بوو. لە پاش تێپەربوون سی ساڵ بەسەر ئەم دڵدارییە، ئێستا نازەنین مووە سپییەکانی لە ژێر لەچکەکەی شاردۆتەوە، نەخۆش و لاواز لەسەر قەرەوێلەیەك پاڵ کەوتووە و کەمانچەیەکی بەدەستەوەیە و جارجار یاری بە ژێیەکانی دەکات و چیرۆکی ئەم خۆشەویستییەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

لەسەرەتای ساڵی هەشتاکان قوتابی ئامادەیی بووم، لە دواناوەندی ( خانزادی کچان) دەمخوێند. کاتێ لە قوتابخانە بەردەبووین، من بەناو بازاڕی رەحیماوا دەگەڕامەوە بەرەو ماڵ،کەس نەبوو نەڕوانێتە بەژن وبالام، لەبیرمەدوکاندارەکان سەریان دەهێنایە دەرەوە تا سێبەرەکەم ببینن. پیرەمێردەکانی بن دیوارش توانجیان لێمدەدا..من

کچێکی بەناز و ناسك بووم.

زۆربەی گەنجی گەڕەك کۆڵان بە کۆڵان بەدوام دەکەوتن ئاوڕم لێیان نەدەدایەوە..تەنیا بارام نەبێت. ئەویش بەدوام نەدەکەوت بەڵکو لەدوکانەکەی (ئوسمان کارەباچی) ڕادەوەستا تا من بەبەردەمیا تێپەڕدەبووم. کاتێ دەگەیشتمە ئاستی بارام بەنیگایەك سەیرم دەکرد دەمبینی فرمێسك لەچاوەکانی قەتیس مابوون. منیش ئەوەندە خۆشمدەویست دەمگوت: دەبێت ڕۆژێك بێت بتوانم ئەو فرمێسکانەی بەپەنجەکانم بسڕمەوە.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشابووم لەبارام کاتێ لەدوور دەمبینی کەمانچەیەکی پێبوو، کاتێکش نزیکی دەبوومەوە لەشەرما کەمانچەکەی دەشاردەوە هەر کەپشتم لێدەکرد دەچووەناو دوکانەکەو خۆشترین ئاوازی بۆ دەژەنیم.

سەرەتا وامدەزانی بۆیە کەمانچەکە دەشارێتەوە ڕەنگبێ نەزانێت بیژەنێت..دوای ئەوەی ڕۆژانە بەبەردەم دوکانەکە تێدەپەڕیم و گوێم ڕادەگرت، بۆم دەرکەوت جوانترین مۆسیقا ژەنە!.

ئەو ئاوازانەی بارام دەیژەنی بەکەمانچەکەی، بوون بە بەشێك لەروح و جەستەم..بەڕۆژ گوێم لەئاوازەکانی دەگرت..بەشەویش لەگەڵی دەنوستم.

بەو ئاواتەبووم ڕۆژێك بارام ڕێگام لێبگرێ و

بلێ خۆشمدەویێ، یاخود نامەیەکی بۆم هەڵدایەتا پڕ بەدڵ هەڵیگرمەوە.

لەدوا جار بۆ ئەوەی ڕەزامەندیم پشاندەم، کاتێك دەگەیشتمە لای بارام خەندەیەکم لەسەر لێو بۆ دەبزواند هەنگاوەکانم هێواشتر دەکردەوە تا گوێم لەوشەی لاوێك بێت، هەر کەدەستی بەکەمانچەژەنین دەکرد دەستەسڕەکەم بەردەدایەوە ساتێك دەوەستام تا جوانتر بتوانم گوێبیستی ئاوازی دڵی بم...

ڕۆژێکیان لەدوورەوە بارامم بینی لەبەردەم دوکانەکە، بەخۆی و کەمانچەکەی و لەشە باریك ولاوازەکەی ڕاوەستا بوو..منیش ویستم نازی پێ بفرۆشم چوومە ڕیزی ئەوبەری شەقامەکە، خۆم کرد بەناو کۆڵانە تەسکەکەی بەرانبەر مزگەوتەکە..لەناکاو بارامم بینی بەئارەقی شین و مۆر بەدوامەوە دەهات. ڕێك بەرانبەری وەستام، هیچی بۆ نەما مەجبوور بوو قسەیەك بکات، یەکەم قسەی ئەوەبوو گوتی: کچێ ئەوەتۆ ڕێت بزر کردووە..

منیش گوتم: بۆ؟

بارام بە شەرمێکەوە وەڵامی دامەوە: نا بمبوورە من ڕێم بزر کردووە!

دام لەقاقای پێکەنین بارامش بەدوامەوە

پێکەنی..ئنجا پێیگوتم: خۆشمدەوێی.

-: منیش تۆم خۆشدەوێ بەس ناوت نازانم؟

گوتی: من ناوم بارامە..مالمان لەرەحیماوای کۆنە.

-: بارام هەر چیت هەیە لەنامەیەك بۆم بنوسە با کەس نەمانبینێ لەم کۆلانە..

بارام گوتی: بەخوا ڕاستدەکەیت هەر براکانت بمبینن دەمکوژن..

ئنجا بارام لێیپرسیم چۆن نامەکانی بگەیەنێتە دەستم؟

منیش نـەمـدەزانـی چـۆن چـۆنـی نامەکانی لێوەرگرم.

لەپڕێکا هەردووکمان چاومان کـەوت بـەدرزو چاڵی خانووە بە خشت دروستکرەوەکەی ماڵی ( عەلی نەجار)..چاڵێکمان نیشان کرد، هەر ڕۆژ بارام نامەکانی لەناوی دادەنا منیش وەلامیم دەدایەوە، ئەو چاڵە بووە پۆستخانە. نامەکانمان بەبێ پول دەست بەدەستی دەکـرد، هەموو جار لـەدوورەوە سەیری چاڵەکەم دەکرد هەر کەگوێچکی کاغەزم دەبینی دەگەشامەوە..

ئـای چـەنـد بـەتـرس و لـــەرزەوە نامەکانم هەڵدەگرتەوە دەبوایە سەد جار سەیری ئەم سەرو ئەوسەری کۆلانەکە بکەم ئینجا دەستم دەبرد

بۆ درزی نێوان خشتەکان، نامەکەم لەناو چنگم دەئاخنی و خوا خوامبوو بگەمە ماڵ تا نەك جارێك سەدجار بیخوێنمەوە..

من و بارام جوانترین و پاکترین پەیوەندیمان هەبوو..نامەکانی پڕ بوون لەوشەی ڕەنگاوڕەنگ.. کاتێ نامەکانیم دەخوێندەوە وامدەزانی بارام گۆرانیم بۆ دەڵێ و دەملاوێنێتەوە..سەیر لەوەیە بوو لەدێڕێکدا بۆی نەدەنوسیم خۆشدەوێی کەچی گشت پیت و وشەکانی دەبوون بەوشەی ئەشق و دەبارینە سەر جەستەم تەنانەت جارێکیان لێم پرسی: بارام لەنامەکانت بۆ نانوسی خۆشم دەوێی.. بارام پێکەنی گوتی: یەکجار پێموتوی ئیتر ئەوە بەڵێن بووە..

- بارام، من تینووی خۆشەویستیم دەمەوێ هەر بیلێیتەوە..

- نازەنین، خۆشەویستی تۆ لەگەردوون مەزنترە چۆن بتوانم هەر بیلێمەوە!

ئەوە خۆشترین وشەبوون لەدەمی کەسێکەوە بەڕاستگۆیی بیبیستم..لەو ڕۆژەوە داوام لێنەکردەوە چیتر پێمبلێ خۆشمدەوێیی..نیگاکردنی چاوەکانی هەموو شتێکی بۆم دەخوێندەوە.

نامەگۆڕینەوەو چاوبڕکێی من و بارام ڕۆژانە

تێکەڵ بەو سەوزەفرۆش و ژنە عەبا لەسەرەکانی بازاڕی رەحیماوا دەبوون.

دواجار کە بارامم بینی لەهەمان کۆڵانی تەسکی بەرانبەر مزگەوتەکەبوو. بە خۆیی و کەمانچەکەی دەستی پێشی لێگرتم و گوتی: دەبێ بڕۆم ببمەپێشمەرگە!

گوتم: بەرگەی دووریت ناگرم وەرە بۆ داخوازیم وبمبە لەگەڵ خۆت.

بارام گوتی: کاتی هاتنە داخوازیتم نەماوە..من تەنزیمی بووم ئێستا شانەکەمان ئاشکرا بووە.. ئەبێ ڕاکەم وخۆم بشارمەوە.

-: بەقوربانتبم ئاگات لەخۆت بێت، هەر کات توانیت بنێرەداخوازیم ئامادەم بێم لەو گوند و شاخانە لەگەڵتا بژیم.

بارام گوتی: بێگومان.

پاشان بارام کەمانچەکەی دایە دەستم گوتی: نازەنین ئەم کەمانچەیە دیارییەبۆ هەردووکمان کاتێ بوویت بەهاوسەرم خۆشترین مۆسیقات بۆ دەژەنم.

دام لەپرمەی گریان و وتم: بارام ئەگەر ماڵەوە لێیان پرسیم چیان پێبلێم؟

-: پێیان بلێ ئەم کەمانچەیەت لەقوتابخانە وەك خەڵات وەرگرتووە بۆ ئەوەی پرۆڤە بکەیت.

بارام ماچێکی سەر ڕومەتی کردم و هەرچەندی کرد شەرمی کرد لە باوەشم بگرێت..بەڵام لەگەڵ ماچ کردنەکە ئاگام لێبوو تێر بۆنی کردم..پاشان دەستی گوشیم..

بەم جۆرەلەیەکتر جوودا بووینەوە..تا ئێستا وادەزانم دوێنێەو ئێستا نا ئێستا بارام دەگەڕێتەوە.. بەعەقل دەزانم وانییە ناگەڕێتەوە، بەس بەدڵ و بەگیان لەگەڵمایەو جیا نابێتەوە.

لە ترسی ماڵەوە نامەکانی بارامم لەناو کەمانەکەم دەشاردەوە...(نازەنین بە قامکە باریکەلانەکەی چەند نامەیەکی (بارام)ی خۆشەویستی لەناو کەمانەکە هێنایە دەرەوە) .

چەند دێڕێکی لە یەکێ لە نامەکان خوێندەوە:

نازەنین

بمبوورە کە تا ئێستا نەمتوانیوە بنێرم بۆ داخوازیت. خۆتدەزانی ژیانی پێشمەرگەیاتی چەند سەختە.

ماڵێکی خانەخوێم پەیدا کردووە بەڵێنیان پێداوم لە وەرزی داهاتوو ژوورێکمان بۆ سازکەن. ئەو ژوورە دەبێت بە هێلانەی خۆشەویستیمان و....

نامەیەکی تر:

نازەنین:

شەوانە ئاوازم بۆ دێت نازانم چۆن

بیاننوسمەوە...چەندە خۆشدەبوو لە جیاتی ئەم کلاشینکۆفەی سەرشانم کەمانچەکەم بەدەستەوە بوایە تۆش بەتەنیشتمەوە لەگەڵ ئەم پۆلە پێشمەرگە قارەمانانە لە سەنگەرێکدا بووینایە و جوانترین ئاوازم بۆتان بژەنیایە. نازەنین بە قەد ئەوەی بیری تۆ دەکەم ئەوهاش بیری کەمانچەکەم دەکەم...............

نازەنین نامەکانی خستە ژێر سەرینەکەی و وەك منداڵ دای لە پرمەی گریان و وتی: جەنگ کردەوەیەکی دزێوە و تەڕ و وشك پێکەوە دەسوتێنێ...( بارام) لە تەمەنێکی کورتی پێشمەرگەیاتی پای کەوتە سەر مین و شەهید بوو، لەشە نەرم نیانەکەی و موو زەردییەکەی پارچە پارچە بوو.

نازەنین کەمانەکەی گرتەوە باوەش و تێر بۆنی کرد و وتی:

ئەی کەمانچە خۆشەویستەکەی دەستی یارم تا ئێستاش بۆنی بارامت پێوە ماوە... ئەم عەشقە وا دەمسووتێنێ، مەگەر بە نۆتەکانی تۆ بکوژێمەوە... ئەو ئاوازەی بارام بۆی دەژنیم وا لە گوێچکم دەزرنگێتەوە... تۆ کۆرپەی ساوای من و بارامی لە بیرت نەچێ لە پاش مەرگم بە ئاوازە دڵگیرەکەت داستانی دڵداری من و بارام بژەنیتەوە.

## سێوە لاسوورە!

لەگەڵ یەکەمین بینینی سێوەلاسوورەکە بەقەد لقی درەختێکی کێوییەوە یەکسەر عاشقی بووم. تاکە درەختێك بوو بەقەد بناری شاخێکەوە، کۆمەڵێ سێوی ڕەنگینی بە سینەوەی هەڵواسیبوو، لەناو هەموو سێوەکان سێوەلا سوورەکەم ناوازە و جوودا لە ڕەنگەکانی تر شۆڕ ببوەوە خوارێ. سێوەکان پێگەییبوون تەنیا سێوەلاسوورەکەی من نەبێت، چەند ڕۆژێکی مابوو خۆی بە سینەی دایکیا هەلواسێو و بێتە خوارێ!.

هەموو ڕۆژ سەردانی درەختەکەم دەکرد و لەژێر سێبەرییا ڕادەکشام لە سێوەلاسوورەکەم دەڕوانی، هەر ڕۆژ بۆنم دەکرد و چاوەڕوانبووم پێبگات و بیبینم، یاخود بەربێتەوە ناو دەمم و تێر ماچیکەم. سێوەکانیتر وەك گەلای پاییز هەلدەوەریین وتەنانەت( با)ش نەدەهات کۆیانکاتەوە. سێوەلاسوورەکەم پێنەدەچوو پەلەی بێتو پێبگات و

بەربێتە خوارەوە، منیش هەر ڕۆژ چاوەڕێمدەکرد، لە دیدی چاوەکانی مندا سێوەلاسوورەکەم دەتگوت ئەستێرەی پڕ ڕەنگە بە ئاسمانەوە دەدرەوشێتەوە.

ڕۆژێکیان لەگەڵ سپێدە دۆڵ و سەرتەپڵکەکانم بڕی، لە دوورەوە بینیم سێوەکەم بە درەختەکەوە نەمابوو!.. سەیری ژێر درەختەکەم کرد جگە لە گـەلای هەلوەریوو پوشوو خۆڵ چیترم نەبینی. هەستم کرد کەسێك هاتووە سێوەکانی ڕنیوە و سێوەکان کۆچیان کردووە.

بە شوێن پێی ڕێبوارەکە کەوتم لەناو گوندێکدا هەواڵی سێوەکانم پرسی. وتیان: دوو سەبەتە سێو بەرەو شار بارکراوە.

وتم: هەرکـێ بێ سێوەکانی ڕنیبێت نەزانبووە چونکە سێوەلاسوورەکەی من هێشتا پێنەگەییبوو!.

چووم بۆ شار بە سۆراخی دۆزینەوەی پیکابە شڕەکەی گوندەکە... دوای گەڕان و ماندوو بوون، دوو سەبەتە سێوەکەم لەلای مێوە فرۆشێکی ناو شار دۆزییەوە. چیرۆکەکەم بۆ کابرای میوە فرۆش گێڕایەوە. ئەویش وتی: کوڕم ئەوە سەبەتەیەکی بەتاڵ دەتوانی سێوەکانی تیا بگوازیتەوە ناوی، هیوادارم سێوە لاسوورەکەت بدۆزی.

هـەر لەگەڵ گواستنەوە و بژارکردنی چەند دانە سێوێك لە ناو دەیان سێو، سێوەلاسوورەکەم

دەدرەوشـایـەوە. لە چنگم گرت وبە کامەرانییەوە وتم: مامەگیان ئەوە سێوەکەم دۆزییەوە نرخی چەندە؟ وتی: کوڕم تۆ ئەو ڕێگا دوورەت بڕییوە بۆ خاتری سێوێك چۆن دڵم دێ پارەت لێبسەنم.

کابرای مێوەفرۆش سێوەکەی لەدەست وەرگرتم و سەیری کرد و وتی: ڕاستدەکەیت ئەمە سێوێکی تایبەت وکێوییە ئەگەرچی زوو لە درەختەکەی کراوەتەوە، هێشتا تـەواو نەگەییوە، لی تا چەند ڕۆژێکیتر نەیخۆی دەتەپێ و بۆگەن دەبێت!.

سێوەکەم لە باخەل کرد و تا ماڵ ڕانەوەستام، تێکەڵ بە هەنار و پرتەقال و مێوەیتر لەناو سەبەتەیەك دامنا. ئەوەندە خۆشمدەویست دوو سێ ڕۆژی بەسەر چوو بوو دڵم نەدەهات قەپی لێبگرم. دواجار بەناچاری گەزم لە گۆشیەکیگرت، ئای کە سێوێکی بەتام و شیرین و ئاودار بوو. لە خۆشی تامەکەی خۆم پێنەگیرا قەپ لەسەر قەپم لێگرت. لە کۆتاییدا چەند دەنکە سێوی ڕەش مایەوە لە ناولەپی دەستم.

ئاواتەخوازبووم بتوانم سێوکیتر بەو شێوەیە و بەوتاموچێژە بدۆزمەوە. زۆر دڵتەنگ بووم بۆ لەدەسچوونی سێوەلاسوورەکەم. بەدیار سەبەتە پڕ لە مێوەکەم دانیشتبووم و دامابووم،هەستی تەنیایی باریگرت بەسەرما، یادی بۆنی سێوەکە

هێشتا لە ژوورەکەم مابوو.

لەم بێئارامیەمدا بووم و هێشتا دەنکە سێوەکە لەناو لەپی دەستمدا بوو چاوم بە باخچە بچکۆلانەکەی مالدا کەوت. چالێکم لەباخەکەم هەڵکەند و دەنکە سێوەکانم چاند وقومێ ئاوشمکرد بەسەریا، بەو ئاواتەی سالێکیتر ببێت بەنەمام و خزمەتی بکەم!.

## بەهەشت لە ژێر پێی دایکانە!

شەوێکی هاوین لەسەر بانی ماڵ ڕاکشابووم و دەمڕوانیە ئاسمان و ئەستێرەکانم دەژمارد. دایکشم بەتەنیشت دیواری بەیتونەکەوە لەسەر قەرەوێلەکەی پالیدابووەوە، نەمدەزانی ئاخۆ ئەویش بێدارە یان نوستووە؟

تا ئەو کاتەی گوێم لە دەنگی بوو وتی: کوڕی شیرینم بیر لە چی دەکەیتەوە؟.

-: دایکە گیان، خەوم زڕاوە...ئەستێرەکان دەژمێرم!.

دایکم وتی:کوڕی خۆم.. ئەوەندە خەم مەخۆ، کاتێ گەورە بوویت دونیا جوانتر دەبینی!.

-: دەزانم دایکە گیان. بەس من ئەگەر کەسێك مەتەڵم بۆ نەلێت خەو ناچێتە چاوم.

دایکم وتی: کوڕی شیرینم، کاتێ ساوا بوویت هەمیشە خەو زڕاو بووی، لای لایەم بۆ دەکردی ئینجا دەنووستی. هەر کە پێت گرتوو فامت کرت

لە مەمکم کردیتەوە، لەو ڕۆژەوە هەموو شەوێك دەگـریـایـت و داوای مەتەلێکت لـێـدەکـردم بۆت بگێڕمەوە.

وتم: زۆر ڕاسدەکەیت دایکە گیان... ئێساتش لە بەر بێمەتەڵییە خەوم زڕاوە.

-: کـوڕی خـۆم... مەتەلێکت بۆ دەگێڕمەوە هیوادارم بت خەوێنێ.

وتم: زۆر باشە..

وتی: دەگوێبگرە...

هەبوو نەبوو بە دایکێك لە ماڵی دونیا تەنیا تاقە کوڕێکی هەبوو، دایکەکە هەموو ئاواتێکی ئەوەبوو لە دوا ڕۆژدا ئەم کـوڕەی کاری خەراپە نەکات و خاوەن ویژدان و مهرەبانبێت، بۆیە هەولیدا منداڵەکەی جوان پەروەردا بکات.

ڕۆژێکیان دایکەکە دەمرێت. خوداش لەبەر کار و کردەوە چاکەکانی، دایکەکە دەنێرێتە بەهەشت.

دوای چەندین ساڵ کوڕەکەی گەورە دەبێت و مردنی دایکی لە بیردەچێتەوە و ژیانی ئاسایی خۆی دەباتە سەر تا ئەو ڕۆژەی نۆبە مەرگی ئەویش دێت. لەو سەر دونیا کوڕەکەی گوناهەی زۆردەبێت خوا سزای دەدات و دەینێرێت بۆ دۆزەخ.

بە زانینی ئەم هەواڵە دایکەکە لە بەهەشت دڵتەنگ دەبێت هەموو ڕۆژ بۆ ڕۆلەکەی دەگرییێت

و لە یەزدان دەپاڕێتەوە کە منداڵەکەی ببەخشێت!.

لەبەر ئـەوەی کـوڕەکـەی گوناهە و تاوانی گەورەی ئەنجامدابوو خودا لێی خۆش نەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی دڵتەنگی دایکەکە چاککاتەوە بڕیاریدا کە ئەم دایکە زیندوو کاتەوە بینێرێتەوە سەر زەوی و ئەم چیرۆکە بۆ مرۆڤەکان بگێڕێتەوە تا مرۆڤەکان دەست لە تاوان وگوناهە کردن هەلگرن.

دایکەکە بەفەرمانی خودا گەڕایەوە سەر زەوی و پەیامی خـودای بە خەلکەکە ڕاگەیاند و وتـی: نەکەن کەسێکی خـەراپ و زاڵمتان لێ دەرچـێ چونکە لەوسەر دونیا دایکان لە بەهەشت ناتوانن ئاسودە بژێن.

خەڵکی باوەڕیان بە دایکەکە نەکرد کە لەوسەر دونیا گەڕابێتەوە، بۆیە پەیامەکەی دایکەکەیان پشت گوێخست. بەڵام دایکەکە لە گەیاندنی پەیامەکەی یەزدان کۆلی نەدا، تا ئێستاش ئەم دایکە گەشتی هەموو جیهان دەکات و ڕۆلەکان ئاگادار دەکاتەوە کە دەست هەڵگرن لە کردەوەی خەراپە و بە زەییان بە دایکیان بێتەوە.

پاشان دایکم بە ئاسپایی وتـی: کـوڕم تۆش نەکەی کاری خەراپە ئەنجام بدەی دوایی لەوسەر دنیا دایکت ئارام ناگرێت.

بەشپرزەییەو وەڵامی دایکم دایـەوە: بێگومان

دایکە گیان هەمیشە هەوڵدەدەم کردەوەی چاکە ئەنجام بدەم.

ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم، روح و جەستەم لە یەکتر جوودابوونەوە، کردەوە باش و خەراپەکانی خۆم لێکدەدایەوە.

لەگەڵ تاریك و لێلی بەری بەیان لە سەرجێگەکەم هەڵسام و لەسەربان هاتمە خــوارەوە. چوومە چێشتخانەکە و کترییەکەم پڕ کرد لە ئاو و خستمە سەر ئاگر. بەرماڵ نوێژەکەی دایکم ڕاخست و لە خودا پاڕامەوە، وتم:-

ئــەی یــەزدانــی پەخشندە و مـهـرەبـان، خۆت ئاگاداری ودەزانیت چەندە کاری خەراپە و گوناهەم ئەنجامداوە. تکات لێدەکەم دایکم بپارێزە و پێش مەرگی دایکم گیانی من هەڵکێشە، چونکە نامەوێت بەهەشت لە دایکم تاڵ بکەم!.

لە پڕێکا گوێم لە دەنگی پێی دایکم بوو بە نەردبانەکە دەهاتە خوار.

بەپەلە چوومە چێشتخانەکە وخۆم سەرقاڵی چای لێنان کرد.

دایکم چوو دەست نوێژی هەڵگرت و هاتە سەر بەرماڵ نوێژەکەی، پێش ئەوەی دەست بە نوێژکردن بکات، دەستی هەڵبڕی لە خوا پاڕایەوە وتی: خودایە تۆ گەورەیی خۆت نەکەی جەرگ سووتاوم کەیت و

مەرگی کوڕەکەم ببینم. من ژیانی خۆم کردووە بەزەییت بە کوڕەکەم بێتەوە.

لە شەرمەزارییا نەمزانی چی بکەم؟ ئاگری تەباخەکەم کوژاندەوە و بە پەلە دەرچوومە دەرەوە. لەو ڕۆژەوە، ئێستاشی لەگەڵدابێت دەلێی لە دۆزەخدا دەژیم. هەر کە گوێم لە تەپەی پێی دایکم دەبێت هەموو گیانم دەلەرزێ.

## تۆپی بەختم!

هەر لە منداڵییەوە عاشقی تۆپی پێ بووم. ئیرەییم بە یاریزانە لێهاتوو زیرەکەکان دەبرد. دەمگوت بۆ منیش ناتوانم وەك ئەوان ئەو کارامەییەو تەکتیکە ناوازەیە پیشانبدەم؟!.

چونکە خێرایی و لیاقەیەکی باشم هەبوو لە هێڵی هێرشبردن یاریم دەکرد، تا ئەو ڕۆژەی لە گۆشەی گۆڵی یانەی بەرانبەر ڕاوەستابوم یاریزانێك پاسێکی بۆ تێگرتم. دەبوایە بە لێدانی سەر ئاراستەی گۆڵی دژبەرەکەمی بکەم، کەچی بەهۆی بێئەزموونیمەوە پێم بۆ هەڵبڕی و تۆپەکە بەبان سەرم ئاودیو بوو. گوێم لە هەراو هۆریای هاندەرەکان بوو گاڵتەیان پێکردم. لەو ڕۆژەوە لە هێلی هێرشبردن کشامەوە بۆ هێلی بەرگری.

بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵ یانەکەم لە هێڵی بەرگری یاریم کرد، کەچی یاریزانەکانی بەرانبەر بە ئاسانی تۆپیان لێم ئاودیو دەکرد. منیش لێیان توورە دەبووم و پاشەقوولم لێیاندەدا. تا ڕۆژێکیان

لێدانی مەقەستم لە یاریچییەکی لێهاتووی بەرانبەر وەشاند و قاچێکیم شکاند، ئیتر لەو ڕۆژەوە بێزم لە خۆم دەکردەوە دەمگوت ڕەنگبێ من بۆ یاری تۆپی پێ دەستنەدەم، بۆ ماوەیەك وازم لەیاریکردن هێنا. لەو ماوەیەدا دڵم تەنگ دەبوو گریانم دەهات..حەزم دەکرد بگەڕێمەوە ناو گۆڕەپانی یاری.

دایکم لێیپرسیم: ئەوە بۆ وازت لە تۆپی پێ هێناوە؟

-: دایکە، نازانم باش یاری بکەم..هاوڕێکانم تانەو تەشەرم تێدەگرن.

دایکم وەڵامیدامەوە: کوڕم پێویستت بە مەشقکردن هەیە!

بۆ سبەینێ دایکمم بینی چەرمێکی بەدەستەوەیە و بە سوژن و داو خەریکی دروستکردنی تۆپێکە. سەرم سووڕما و لێمپرسی: ئەوە چیدەکەیت؟.و

-: کوڕم، ئەمە تۆپی بەختی تۆ دەبێت.

-: دایکە دەبێت خۆم فێری یارکردن بکەم ئینجا شەق لە تۆپ بدەم.

دایکم وتی: خەمت نەبێت ئەم تۆپەت خۆشبوێ فێری یاریکردن دەبیت.

لە پاش چەند ڕۆژێك دایکم تۆپێکی جوانی بۆ دروستکردم، وەلفێکشی تێکردبوو بۆ شوێنی هەوا تێکردن و بەتاڵکردنی..تۆپەکە ڕەنگێکی

سپی وقاوەیی هەبوو، ڕەنگە قاوەیەکە دەتگوت تۆپەڵێ قوڕە پێوەی نوساوە، خەتێکی بازنەیی بە ناوەڕاستی تۆپەکەوە کێشابوو لاموابێ ئەوە جێگای دوورمانەکە بوو.

ستایشی دایکم کرد و لە حەوشی ماڵەکەی خۆماندا یاریم بە تۆپەکە کرد، بینیم تۆپێکی نەرم و نیانە بە شەق لێدانی زۆر لە تۆپەکانیتر خۆشتر بوو. بردمە گەڕەك، هەر لەسەر کۆڵانەوە دەستم کرد بە یاری کردن بە تۆپەکە تا گۆڕەپانەکە. هاوڕێکانم لێم کۆبوونەوە وتیان: ئەم تۆپەت لە کوێ پەیدا کردووە.

وتم: دایکم بۆی دروست کردووم.

ئەو ئێوارەیە تا تاریکداهات لەگەڵ هاوڕێکانم یاریمان کرد. بۆ شەو لەگەڵ تۆپەکەم نوستم. ئەمە یەکەمین جاربوو تۆپێك هەبێت بەو جۆرە خۆشمویستبێت.

کاتێ چووم بۆ قوتابخانە تۆپەکەم لەناو جامخانەکەی ماڵەوە شاردەوە. هەردەم بیرم لەوەش دەکردەوە کە چۆن منیش بتوانم ببمە یاریزانێکی لێهاتوو. لە پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕیارمدا ببمە گۆڵچی.

گۆڵپارێزێکی لێهاتوو بووم، هەرزوو ناوبانگم دەرکرد..گۆڵچیەکی چاونەترس و ئازا بووم

گوێم لێنەبوو سەرم لە ستوونی گۆڵەکە بدات یاخود دەستم بشکێ، زەرگەم بۆ تۆپ هەڵدەداو دەمگرتەوە..ڕۆژانە وەك باڵندە دەفڕیم بەئاسمان. ئەوەندە دڵخۆش بووم بەوەی کە بۆ دواجار توانیم شوێنی خۆم بدۆزمەوە لە یاریکردن.

ئەو ڕۆژانەی بە تۆپی بەختەکەم یاریمان بکردایە هەرگیز گۆڵم لێنەدەکرا، ئەم تۆپی بەختەم زۆر سەیربوو دەتگوت من دەناسێ لە ئاسمانەوە دەسوڕایەوە دەکەوتە ناو باوەشم،هەر چۆن شەقیان تێهەلدایە ڕوو لە گۆڵ منیش باوەشم بۆ دەکردەوە لە چرکەییدا بەیەك دەگەیشتین.. ڕۆژ بەڕۆژ تۆپەکەم خۆشتردەویست هەموو شەوێکش بەتەنیشت جیگامەوە دامدەنا بەیانیان زوو کە لەخەو هەڵدەستام دەمبینی وا لەژێر بەتانیەکەم خۆی شاردووەتەوە لە بری بەیانی باش بەنەرمی شەقێکم لێدەدا ئەویش خلۆر دەبووەوە بەرەو خوار.. بەم شێوە من و تۆپەکەم بووین بە دوو هاوڕێی ڕاستەقینە، بێ ئەو بۆ هیچ شوێن نەدەچووم.

بە دایکم وت کە ئەم تۆپە بەختی منی کردووەتەوە. دایکشم دەیگوت: کوڕم منیش خۆشی دڵی تۆم دەوێت.

ڕۆژێکیان یانەی شار هاتن بۆلام و داوایان لێکردم ببم بە گۆڵچیان..منیش تازە لاو بووم بەم

پێشکەوتنەم یەکجار دڵخۆش بووم. لە ماوەیەکی کورتدا بووم بەباشترین گۆڵچی شار. لە خولی یانەکان شار و ولات بە براوەیی دەگەڕاینەوە. یاریزانەکان دەستخۆشیان لێدەکردم دەیانگوت تۆ بوویتە هۆی سەرکەوتنی یانەکەمان. نازناوم دەرکــردبــوو بۆ کــوێ بچوومایە خەڵکی داوایــان لێدەکردم وێنەم لەگەڵ بگرن، بۆ هەر گەڕەکێك بچووومایە منداڵانی گــەڕەك لێم کۆدەبوونەوە، دەنگ و باسی تۆپی پێیان لێدەپرسیم، ئنجا هەموو یارییەکانی ڕابووردیان بۆ شی دەکردمەوە..هەموو زەرگ و خۆهەڵدانەکانی منیان ئەزبەر کردبوو، بە پێکەنینەوە لێیاندەپرسیم ئەوە چۆن دەتوانی وەك سوپەرمان خۆتبهاویت بۆ ئەو تۆپانە؟ منیش دەمگوت ئەوە خۆشەویستی منەبۆ تۆپێن.

ئینجا دەیانگوت: ڕاستە ئەو تۆپەی لەدەستتدایە تۆپی بەختتە.

دەمگوت: نا دیاری دایکمە..

باوەڕیان نەدەکرد وەدەیانگوت ئەو تۆپە جادوویانە.

لەپاش ئەم قسەوباسانە چیتر یانەکانی بەرانبەر ڕازی نەدەبوون بە تۆپەکەی من یاری بکرێ. لەبەر ئەوەی من بەتەواوی عاشقی گۆڵچیەتی چووبوە دڵـمـەوە سـنـووری دەڤـەرەکـەی خـۆم دەپـاراسـت، هەرکە هێرشبەرێك بـەرەو ڕووم بهاتایە لێی

دەچوومە پێش و گۆڵەکەم لێ بچووك دەکردەوە هێرشبەرەکەم ناچار دەکرد پاسێکی نیوە پچڕی بدایە یان بەرەو دەرەوەی گۆڵ هەڵیدایە. یاریزان و ڕاهێنەرەکان شارەزای چۆنیەتی گۆلچییەتی من بوون.. بۆیە پێشوەخت پلانیان دادەنا و لە خاڵە بێهزەکانمدا دەگەڕان. لەم دواییە ڕاهێنەرێك بە یاریزانەکانی وتبوو کەس لە دوورەوە شووت بۆ ناو گۆڵ لێنەدات چونکە ئەم گۆلچیە دەفڕێ بە ئاسمان، باشترە لە هێلی پەنالتی نزیك بنەوە لەڕێگای یەکو دووەوە دەتوانن نزیکی دەروازەکەی ببنەوە ئەوکات بەناچاری چۆك لەزەمین دەنێت و ئێمەیش قوتارمان دەبێت لەفرینی ئەم باڵەفڕۆکەیە، هەرکە نێزیکی گۆڵەکەی بوونەوە هەوڵبدەن لەڕێگای تۆپی نزمەوە تۆڕەکەی بهەژێنن.

هەندێك جار ئەگەر گۆڵیشم لێبکرایە لە کەم تەرخەمی ونەزانی یاریزانانی هێڵی بەرگرییەوە دەبوو، یەکێ لەبەرگریەکانم فرە بەژن درێژ بوو کەچی بە ئاسانی تۆپیان بەناو هەردوو لاقیدا ئاودیو دەکرد، یەکێکی دیکەیان وورد نەبوو لەچاودێریکردنی شاڵاوی هێرشەکانی تیپە نەیارەکەمان، پێشی هێرشبەرەکانی چۆڵ دەکرد تا بە ئاسانی ڕوو لەگۆڵ هێرش بەرن. جاریش هەبوو بە هۆی نا دادپەروەری ناوبژیوان بە دۆڕاوی

دەگەڕاینەوە.

لەبەرئەوەی گۆڵپارێزێکی بێ هاوتا بووم ئامۆژگاری هەموو یاریچیەکانم دەکرد. بۆیە هەرزووکردمیان بە کابتنی یانەکە.

وەرزش بەشێك بوو لە ژیانم... بەڵام بەشەکەیتر ئەگەر لە ولاتەکانی ڕۆژهەڵات بژیت هەر ماوەی جارێك سەرۆکێکت لێپەیدا دەبێت وولآت وێران دەکات. منیش تەمەنی گەنجیم سەردەمی( سەددام ) بوو ئەم سەرۆکەش جگە لە شەڕوکوشتن و بڕین هیچیتری نەدەزانی...جەنگی (سەددام )ماڵوێرانی بوو بۆ وەرزشکاران بۆ هونەرمەند و کاسبکار و کرێکار و بۆرژواو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ.

لە نیشتیمانی من ژیان پارچە پارچە کراوە بۆ دەیان بەش. حەزوو ئارەزووەکانت دەخنکێنرێن. بۆیە ناچار بووم وولآت جێبێلم. تۆپەکەم لە باوەش گرت و بەرەو هەندەران کۆچم کرد. هەوای تۆپەکەم فش کردبووەوە لەناو جانتای سەفەرەکەم نابوو. شەوانش لەگەڵ خۆم دەمخەواند و باسی یادگارییەکانم بۆ دەکرد. پێمدەگوت: دەبینی جەنگ چی پێکردین، نەهێشتی من ببم بە گۆڵچی نەتۆش چیژ لە تۆپێن ببینی..ئای تۆپە ئازیزەکەم دەزانم تۆش حەزدەکەی ئێستا لەناو کۆمەڵێك منداڵ بیت و یاریت پێبکەن ئەی تۆپە جوانەکەم تۆ چەندە

پیرۆزی بەرگەی ئەم هەموو شەقە دەگریت تەنیا بۆ دڵخۆش کردن ئادەمیزاد، ئادەمیزادەکانیش تەنیا بە شەق لێدانی تۆ تێر نابن، تۆپی ژەهراوی دروستدەکەن و بۆ یەکتری دەهاون. ئای تۆپەبەدبەختەکەم هەرکات دووربیت لێمان لەدووت دەگەڕێن هەرکەنزیك دەبیتەوە لێمان یەکڕاست بێباکانە شەقێکت تێهەڵدەدەین.

من و تۆپەکەم لە ولاتی غەریبی سەرمان نایەوە..سەرەتا خۆشبوو پێکەوە لەسەر چیمەنی نەرم و شێدار یاریمان دەکرد. بە ئاسانی سەیری یارییەکانی جامی جیهانمان دەکرد.

من خۆشترین ئەفسانە و چیرۆك لەلام دووگۆڵییە، چونکە لە یاری تۆپی پێدا کەس نازانێت کێ براوە دەردەچیت؟..دەیەها جار پێشبینەکانت بە هەڵە دەردەچن، سەدەها موعجیزە روودەدات، باشترین یاریزان لە پەناڵتی گۆڵ ناکات. هەندێکجار دە یاریزان لە بەهێزترین یانە دەبەنەوە، سەیرکردن و تام و چێژی ئەم وازیەوەك مۆسیقا وایە بۆ زاخاوی مێشك.

من و تۆپەکەم چێژمان زۆر بینی لە سەیرکردنی تۆپی پێ لەو شاشە گەورانەی بارەکان.. لێ زۆری پێنەچوو دڵمان تەنگبوو پرچمان سپی بوو، ئەو هێزوو توانایەی جارانمان نەما، جەنگ و زەمەن

پیری کردین بێهوودە لە پارکەکانی شاری غوربەت دەسووڕاینەوە. لەم غوربەتەش لەگەڵ تۆپەکەم دەنوستم.. دڵی یەکترمان دەدایەوە. لەلایەکیتر ئەم تۆپە دیاری دایکم بوو بۆیە وەك چاوم دەمپاراست.

لەپاش ڕوخانی(سەددام) من و تۆپەکەم هەست و سۆزمان بۆ نیشتیمان کوڵپەیدا. بە تایبەت تۆپەکەم ڕۆژانە خۆی فس دەکردەوە منیش دەمگوت دەزانم کوێت دێشێ. دەگەڕێنەوە خەمت نەبێت.

لەگەڵ تۆپەکەم گەڕاینەوە شارەکەم..گۆڕەپان و شوێنی یارییەکان وێران ببوون..وتمان ئەمەش پاشماوەی جەنگ..کاتێکش گەیشتمە نزیك ماڵ تۆپەکەم پڕ لە با کرد و جوانش شۆریم و لەناو تۆڕێکم نا، لەدەرگای ماڵ چوومە ژوور، دایکم باوەشی پێما کرد، دوای گریان و نووزەی دڵ و فرمێسك ڕژاندن، دایکم تۆپەکەی بینی و ناسییەوە، تۆپەکەی لەباوەش گرت و تێر ماچیکرد، ئنجا بە تۆپەکەی وت: زۆر سوپاس کە تائێستا کوڕەکەمت پاراستووە.

وتم: دایکە تۆ ڕاستت کرد ئەمە تۆپی بەختی من بوو..

لەم کاتە حەوشە پڕ بوو لەخزم و کەسوکار هاتبوون بۆ بەخێرهاتنم..سەر دیوار و بانەکانش پڕ ببوون لە منداڵ. گوێم لە منداڵەکان بوو دەیانگوت:

کاتی خۆی باشترین گۆڵچی شاربووە.

منداڵێکی تر وتی: ئێستا پیر بووە توانای جارانی نەماوە.

سەیرێکی سەربان و دیوارەکانم کرد تۆپەکەم گرتە دەست و بەرەو لای منداڵەکان چووم..بە کەڵە یاریم بە تۆپەکە کرد منداڵەکان بەدەست کوتان پێشوازییان لێکردم. ئاورمدایەوە دایکم بینی لەوپەڕی دڵخۆشیا بوو. منیش قورگم پڕبوو لە گریان، کەچی دام لە قاقای پێکەنین و یاریم بە تۆپەکەی بەختم کردەوە تا دڵی منداڵانی گەڕەك شاد کەم!.

## تەزبیحی قەزوان!

دوێنێ شەو خەوم زڕا بوو، مێشکم خەریك بوو بتەقێ. لە دڵی خۆمدا وتم ڕەنگبێ پلەی گەرمای ژوورەکەم زیادبێت، باشترە بچمە خوارەوە سپلیتەکە بکوژێنمەوە.

لەم کاتە گوێم لەدەنگی تەقە تەقێ بوو، هەستمکرد دەنگەکە لەژێرزەمینەکەی ماڵەوەمان دێت. بە ئاسپایی چوومە خوارەوە!.

گەیشتمە ژێرزەمینەکە تەقە تەقەکە بڕایەوە، وتم لەوەبێت مەکینەی جلشۆرینەکە بێت، هاوسەرەکەم لەبیرچووبێ بیکوژێنێتەوە. مەکینەی جلشۆر و وشککردنەوەکەمان کەوتبووە ژوورێکی بچکۆلانە وتاریکی پشت ژێرزەمینەکەوە، دەبوایە گلۆپەکە داگیرسێنم. پێشئەوەی دەستبدەم بە پلاگەکەوە، گوێم لەدەنگی پیرێژنێك بوو.

وتی: دەنکە تەزبیحەکانم شۆری، ئێستا دەبێت وشکیان کەمەوە.

پاشان دەنگی پیرەمێردێك وەڵامیدایەوە:

زۆرباشە تا دەنکە تەزبیحەکان وشك دەبنەوە، منیش گوڵینگەکانی بۆ ئامادە دەکەم.

سەرەتا ترسام، دوایی بەخۆم وت ڕەنگبێ ئەمە خەون بێت. لە سەر قەنەفەی ژێرزەمینەکەمان دانیشتم هەستمڕاگرت و بیرم کردەوە، وتم خەونی چی ئەمە دەنگی دوو مرۆڤ بوو.

تەقەتەقی مەکینەی وشککردنەوەکە هاتەگوێم!.

هاتم گلۆپی ژووری جڵشۆرینەکە پێبکەم، پەژیوان بوومەوە. لەوەبێت لەترسا بووبێت، چونکە لە بیرمە لەدڵی خۆمدا وتم: کێ ناڵێ ئەجندە نین؟.

وام بەباشترزانی خۆم مات کەم، تا ئەم پیرێژن وپیرەمێردە ئێرە جێبهێڵن.

مەکینەی وشککەرەوەکە لەکارکردن وەستا ساتێك بێدەنگی ناومالی پۆشی، لە بێدەنگیا ناو گوێم دەزرینگایەوە، ترس زیاتر هاتبووە ناو گیانمەوە.

ئینجا گوێم لەدەنگی پیرەژنەکە بوو وتی: حەزدەکەم بەدەستی خۆم گولینگەکانی پێوە بچنم.

پیرەمێردەکە وتی: سەیری ئەو دەنکە تەزبیحە جوانانە بکە، بریقە دار و خاڵدارن، دەلێی سەدساڵە بەدەستی کەسێکەوە بووە!.

لە ژووری جڵ شۆرینەکە روناکی دەنکە تەزبیحەکە دەدرەوشایەوە، هەرجارەی بەجۆرێك

دەتگوت گلۆپی سەیرانگەکانە.

دڵنیابووم ئەمە خەون نییە. بڕیارمدا گلۆپەکە داگیرسێنم و سلاوێك لەم میوانانە بکەم. قیروسیام لێکرد و بە ترسەوە پەنجەم خستە سەر پلاگەکەو گلۆپەکەم داگیرساند. دەرگا بچکۆڵانەکەی ژووری جلشۆرینەکەم کـردەوە، هیچ کەسم تیا نەبینی، لی مەکینەی وشککەرەوەکە هێشتا گـەرم بوو. تەزبیحێکی قەزوانی خاڵ خاڵ دەنك بریقەدارو گولینگ سوور لەسەر مەکینەکە دانرابوو.

تەزبیحەکەم هەڵگرتەوە، دەنکەکانی داخ و گەرم بوون، بۆنم کرد، بۆنی گوڵاوی لێدەهات. ئەمجۆرە بۆنەم تەنیا لە پرسە یاخود لە گوڵە هێرۆکانی ناو شاخ وکێوەکان کردبوو.

ئەو ناوەم جوان پشکنی شوێنەواری کەسێکم تیا نەدۆزی، دەرگای هەردوو مەکینەکەم کردەوە بەتاڵ بوو.

تەزبیحەکە لەناو چنگما بوو، سەیرێکیم کرد و وتم: خۆ ئەمەش خەون نییە!.

گەڕامەوە سەرجێگاکەی خۆم و ڕاکشام، خەو نەچووە چاوم. بیرمکردەوە تۆ بڵێی ئەمە تەزبیحی خۆم بێت لەناو کراسەکانم بێت و خێزانەکەم کراسەکەمی شۆری بێ پاشان لەخۆم دەپرسی چەندین ساڵە من نە تەزبیحم گرتۆتە دەست و

نەهەم بووە. ئەی ئەم تەزبیحە نایاب و جوان و بریقەدارە لە کوێوە هاتووە؟!.

سەرم سوڕمابوو، چاوەڕوانبووم ڕۆژبێتەوە.

لەگەڵ سپێدە چاییم لێناو خواردنی بەیانیم ئامادەکرد، هاوسەرەکەم بە پرچی لوول و ئالۆزکاوی هاتە خوار.

لەسەر مێزی نانخواردن دانیشتین. دوو پیاڵە چاییم تێکرد. بە خێزانەکەم وت: ئەمشەو باش خەوتی؟

ئەویش وتی: نەخێر لەبەر هات وچۆی تۆ منیش خەوم زڕابوو.

وتم: باشە تۆ گوێت لە هیچ تەقەتەقێ بوو؟

-: نەخێر، بەس گوێم لەدەنگی پێیەکانی تۆ بوو.

تەزبیحە قەزوانەکەم لەبەردەمی دانا و وتم: ئەم تەزبیحە دەناسیتەوە؟.

سەیرێکی تەزبیحەکەی کرد و لەدەستی وەرگرتم. وتی: ئەم تەزبییحە جوانەت لەکوێ بوو؟ نەکەی بیفەوتێنی.

-: نا ژنەکە، نایفەوتێنم. ئەم تەزبیحەم لە ژووری جلّ شۆرینەکە دۆزییەوە.

هاوسەرەکەم وتی: هەفتەیەك دەبێت، جلی تۆم نەشۆریوە. لەم ماڵەش قەد تەزبیحی قەزوانمان

نەبووە.

کەمێك بێدەنگبووم، نەمویست چیرۆکەکەی بۆ تەواوکەم چونکە دەزانم هاوسەرەکەم ترسنۆکە، ئەگەر بۆی بگێڕمەوە دوێنێ شەو چی ڕوویداوە ئەوە ژووری جلشۆرین تەرکدەکات، ئەوکات دەبێت بۆ هەمیشە خۆم جلەکانی ماڵەوە بشۆم.

-: پیاوەکە ماوەیەکە خەون بە مردووەوە دەبینم، وابزانم کاتی ئەوە هاتووە خێر بکەین.

-: بۆ نا، ئەمڕۆ دەچم بۆناو بازاڕەکەی رەحیماوا. دە کیلۆ گوشت دەکڕم، دەیدەمە ئەو ماڵە هەژارانەی خۆم دەیانناسم.

هاوسەرەکەم وتی: ئەوە چۆن خێرێکە، بۆ ناچیت بەرخێ بێنی لە حەوشە سەری بڕین دابەشی سەر هاوسێکانی بکەین.

-: ژنەکە. ئەم هاوسێیانەی ئێمە کەی پێویستیان بە چنگێ گۆشتە، ئەمانە وەك شێر ڕۆژی دە کیلۆ گۆشت دەخۆن. من خۆم هەندێك ماڵە هەژار دەناسم، دەیبەخشمە سەریان.

تەزبیحە قەزوانە بریقەدار و گولینگ سوور و جوانەکەم لە چنگ ناو لە ماڵ هاتمەدەر، بە ماشێنەکم تا نزیك بازاڕی رەحیماوا چووم. لە ڕێگا لەخۆم دەپرسی: ئەم تەزبیحە لە کوێوە هاتووە؟ لە ژیاندا تەزبیحی قەزوانی وا جوانم نە دیوە و

نەمبووە!.

لە گەراجێك ماشێنەكم ڕاگرت و بە پێ شۆڕبوومەوە بۆلای گۆشتفرۆشەکان.

لەناو بازاڕی ڕەحیماوا، ژنێکی باریکەلانەو ڕووگەش و چاو ڕەشی جوانم بینی، چەند چەکدارێك بەدوایەوە بوون بەوە دەچوو پاسەوانیبن، بە بەردەمم تێپەڕین.

دوکاندارەکان وتیان: ئەرەوەڵا دیسانەوە ژنی بەرپرسەکە هاتەوە بۆ زێڕ کڕین.

گەیشتمە لای گۆشتفرۆشێك، بە کابرای گۆشتفرۆشم وت: برا دە کیلۆ گۆشتی نەرمەو جوانم بۆ بکێشە. کیلۆ کیلۆ بەجیا بیخەرە ناو کیسەیەکەوە.

کابرا وتی: بەبان چاو، ئەم گۆشتانە دیارە بۆ خێرە.

بەدیار گۆشتفرۆشەکە وەستابووم. تەزبیحە قەزوانەکەش لەناو گیرفانمدابوو، بە پەنجەکانم یاریم بەدەنکەکانی دەکرد.

گوێم لە دەنگێکی ئاشنابوو، ئاوڕمدایەوە، پیرەمێردێك بەساڵاچوو بوو، پشت کۆم، گۆچانێکی ڕەونەقی بەدەستەوە بوو، لوتێکی زڵ وچاوێکی سپی گەشی هەبوو، لە پێلوی چاوەکانی وردە خاڵی سەوز وەك دەنکی تەزبیحەکەم بریقەی دەدایەوە.

گوێم لێبوو بە گۆشتفرۆشەکەی وت: براکەم، جەرگەکەت بۆ هەڵگرتووم؟

گۆشتفرۆشەکە وتی: مامە داوەی لێبووردەن دەکەم، جەرگەکەتم فرۆشتووە. ئەگەر دەتەوێ یەك کیلۆ گۆشتت بەخۆڕایی پێدەبەخشم، چونکە خەتای من بووە جەرگەکەتم دایە کەسێکیتر.

پیرەمێردەکە وتی: کوڕم، ئەی من چی وەڵامی پیرەژنەکەم بدەمەوە.

دووبارە کابرای گۆشتفرۆش داوای لێبووردنی کرد. لی من هەر گوێم لە دەنگەکە دەگرت، دڵنیابووم کە هەمان دەنگی دوێنێ شەوە.

هاتم تەزبیحە قەزوانەکەم دەربێنم و پیشانیبدەم. لەژێر لێوانەوە وتم: ئەوە چیدەکەیت. کابرا ناناسیت، چۆن شتی پیشاندەدەیت!.

پیرەمێردەکە بە شەڕواڵە خاکییەکەی و پشتێنە گوڵییەکەی، ڕووی وەرگێڕاو لێمان دوور کەوتەوە. چاوم لێبوو بە ئاستەم توانی بە گۆچانەکەی لەناو ژنە عەبا لەسەرەکان ڕێگا بدۆزێتەوە و بپەڕیتەوە ئەو بەری شەقامەکەوە.

بە کابرای گۆشتفرۆشم وت: ئەم پیرەمێردە دەناسی؟

-: بەڵێ، ئەوە مام ( باییزە)، یەك تاقە کوڕی هەبوو ئەویش شەهیدبوو. ئێستا لەسەر کۆڵانەکەی

سەرووی مزگەوتەکە تەزبیح دەفرۆشێ.

بە گۆشتفرۆشەکەم وت: ئەی بۆ جەرگەکەیت بۆ هەڵنەگرتبوو؟

-: بلێم چی، بەم بەیانییە کڕیارێکم هات و بە زۆر لێیسەندم.

-: بەزۆر چۆن دەبێت!.

گۆشتفرۆشەکە وتی: برا، ژنی بەرپرسێکە هەفتانە چڵ پەنجا کیلۆ گۆشتم لێدەکڕێ. چۆندەکرێت لەدەستی خۆمیبدەم.

سەرێکم باداو وتم: بەهەرحاڵ تا تۆ گۆشتەکەم بۆ ئامادە دەکەیت، من دەڕۆم نیوکاتژمێری تر دەگەڕێمەوە.

بەشوێن مام باییز کەوتم. مام باییزم بینی لەسەر کورسیەکی شکاو دانیشتبوو، بە ڕیز تەبیحی قەزوانی لەبان کارتۆنێك دانابوو. لە ژێر لێوانەوەش لەگەڵ خۆی دەدوا.

کاتێ گەیشتمە لای، سەیری سەر مێزەکەیم کرد کە جۆرەها تەزبیحی قەزوانی ڕیز کردبوو، لێ هیچ لە تەزبیحەکانی لە تەزبیحەکەی من ناچوو. گولینگ زەردو سەوزو قاوەیی و پرتەقالی وسپیشی هەبوو. دەنکە تەزبیحەکانی هەندێکیان جوان و بریقەدار بوون، بەڵام وەك ئەوەی من خاڵدارو ڕەونەق نەبوون. دەستم برد بۆ تەزبیحەکانی

سەیری چەند تەزبیحێکم کرد. زۆر جوان چنرابوو. کونی تەزبیحەکان ڕێك و پێك، دەتگوت بە مەکینە کونکراوون.

وتم: خاڵۆ، ئەم تەزبیحانە نرخیان چۆنە؟

-: کوڕم. هەیە بە سێ هەزار دینار، هەشە بە پێنج هەزار.

-: خاڵۆ گیان. ئەم نرخەی تۆ دەیلێی زۆر کۆنە. بیستوومە تەزبیحی قەزوان ئێستا گران بووە.

وتی: کوڕی خۆم. ساڵانە خۆم و هاوسەرەکەم دەچین بۆ کوێستان یەك فەردە قەزوان بەتەڕی دەهێنین، خۆمانش دروستی دەکەین، لەسەرمان زۆر ناکەوێت.

-: ڕاست دەکەیت، خاڵۆگیان. ئەی تۆ نابێت بە گوێرەی بازاڕ شت بفرۆشی.

وتی: وەڵلا کوڕی خۆم، من ئاگام لەبازاڕ نییە. پیرژنەکەم لە ماڵەوە تەزبیحەکان دروست دەکات و منیش لێرە دەیفرۆشم.

ئینجا تەزبیحەکەی خۆم هاتەوە یاد، وتم ئەگەر ئەمە هەمان پیرەمێردی دوێنێ شەوبێت، تەزبیحەکەی دەناسێتەوە.

بەترسێکەوە تەزبیحەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و لەنێو چنگم شاردەوە. وتم: خاڵۆ بەڕاستی تەزبیحەکانت جوانن. ئەو دەست و پەنجانە نەڕزێ

کە نەخشی ئەو گولینگانەی هەڵبژاردووە.

وتی: کورم، بەوە دەچێت تۆ کڕیاربیت و شارەزایت لە تەزبیحی قەزوان هەبێت!.

-: بەلێ، لی لە مێژە تەزبیحم نەگرتۆتە دەست.

-: تەزبیحی قەزوان شتێکی جوانی کوردەوارییە، کەچی گەنجی ئەم زەمانە نرخی نازانن، پێویستە هەریەك لە ئێوە تەزبیحێکی بەدەستەوەبێت، ئەگەر پێتان شەرمە لە گیرفانتانی بنێن یان لە ماڵەوە هەڵیواسن.

-: ڕاستدەکەیت خاڵۆ، بەڵام من حەزدەکەم جوانترین تەزبیحم هەبێت، بریقەداروخاڵ خاڵ و گولینگ سوور.

بە بیستنی ئەم وتەیەم، ڕاچلەکیی و لێیپرسیم: کوڕم لە کوێ ئەم تەزبیحەت دیوە؟

بە پەشۆکاوییە وتم: نازانم، ئەی لای تۆ دەستناکەوێت؟

هەستایە سەرپێ وەك ئەوەی تازە گەنج بوبێتەوە، وتی: کوڕی خۆم پێبلی تۆم لە کوێ بینیوە؟

وتم: نازانم مامە گیان، بەس منیش هەستدەکەم، تۆم بینیوە و دەنگت ئاشنایە.

توند دەستی گوشیم...

لە هاوێنەی چاوی، دار قەزوانێکی سەوزم بینی،

وەك دەنكە تەزبیحەكەم بریقەی دەدایەوە. لەژێر درەختی قەزوانەكە كانیاوێكی گەش و بێگەرد دلۆپ دلۆپ ئاوی لێدەهاتە خوارو دەڕژایە ناو جۆگەیەكی چكۆلانە.

دەنگێك كە هەمان دەنگی دوێنێ شەو بوو. لە بن گوێم بە ئاسپایی و نەرم و نیان و مهرەبانەوە وتی: كوڕی خۆم، بۆنی ئەو تەزبیحە دەكەم كە تۆ باسی دەكەیت.

ناو لەپی دەستمكردەوە، تەزبیحەكەم پیشاندا.

مام باییز لە خۆشیا گەشایەوە و فرێمسكەكانی سڕییەوە. ئینجا تێگەیشتم كە ئەو كانیاوە چاوەكانی مام باییز بوون...فرمێسكی وەك شەونم بەسەر برژانگە ئەستوورەكانی وەستابوون.

كە تەزبیحەكەی لەدەست وەرگرتم، گۆچانەكەی لە دەستە لەرزۆكەكانی بەربووەوە.

داچەمیمەوە، گۆچانەكم هەڵگرتەوە. گوێم لە لێدانی دڵی مام باییز بوو، وەك دەهۆڵ گرمەی دەهات.. بۆ ئەوەی چیتر ئاوا بە خەمباری نەیبینم، لێمپرسی: ئەم تەزبیحە دەناسیتەوە؟

چاوی لە چاوم بڕی، هێشتا چاوەكانی تەڕ و پڕ لە فرمێسك بوون. دەنكە تەزبیحەكانش وەك ئەستێرە لەناو لەپی دەگەشایەوە!.

-: كوڕی خۆم، چەندین ساڵە هاوسەرە جەرگ

سووتاوەکەم چاوەڕوانی ئەم تەزبیحە دەکات.

-: ئەمە تەزبیحی ئێوەیە؟

لە تەزبیحەکەی ڕووانی و پەنجەکانی لە گولینگەکان خشاندو دەنك دەنك قەزوانەکانی بە نێو پەنجاکانی هێناوبرد. یەك دووجار لەناو لەپی دەستی گوشی، تەزبیحەکەی بۆ لای کونی لوتی برد و بۆنی کرد.

هەناسەیەکی قوڵی هەلمژی، وەك ئەوەی لە گەشتێکی درێژ خایەن گەڕابێتەوە و ئەم تەزبیحە ماندووبوونی بسرەوێنێتەوە.

وتی: لە مێژبوو ئاواتم بوو چاوەکانم بکەم بە دەنکی تەزبیح... هێرۆی سووری کوێستانش بکەم بە گولینگەکەی، تا بیکەم بەدیاری بۆ هاوسەرە جەرگ سوتاوەکەم!.

مام باییز، لە خۆشیا تەزبیحەکەی کردە گیرفانی و بوو بە دار قەزوانێکی سەوزوگەش. گۆچان و کورسی و کارتۆنە پڕ لە تەزبیحەکەی جێهێشت و وەك کوڕێکی چواردە ساڵ ڕێگای بڕی و ئاوڕی نەدایەوە!.

## گوڵ فەرهاد!

ئۆتۆبیلێکی دوا مۆدێلم لەژێر پێدا بوو لە هەولێرەوە بەرەو کەرکوك دەچووم. ئەم ئۆتۆمبیلەم بەقسەی خانمەکەم کڕیبوو لەبەرئەوەی پێی شەرمبوو سواری ئۆتۆمبیلی مۆدێل کۆن بێت.

بەهەرحاڵ هەرکە لەهەولێر دوورکەوتمەوەو نزیك چوار ڕایەکەی(دارەتوو) بووم، لە دوورەوە ڕێبوارێکم بینی دەستی هەڵدەبڕی، منیش خێرایی ئۆتۆمبیلەکەم کەم کردەوە لەبەردەمیا وەستام.

وتم: فەرمووو کاکە گیان؟

وتی: دەچم بۆ کەرکووك؟

-: سواربە.

هەر کات لە کەرکوك بۆ هەولێر یاخود بە پێچەوانەوە هاتووچۆم بکردایە و بەتەنیا بوومایە لە ڕێگا وبان ئەورێبوارانەی دەستیان هەڵبڕییایە بێترس و بە خۆڕایی هەڵیانمدەگرت، ئەم پیشەیەم وەك خێرێك بوو بۆ دایك و باوکم.

رێبوارەکە کوڕێکی گەنج بوو، شەڕواڵ و قەمیسێکی لەبەردابوو، تەمەنی نزیك بیست و پێنج ساڵێك دەبوو،چاو شین و قژێکی کورتی خاوی هەبوو. منیش پانتۆن و قەمیسێکی سپیم لەبەردا بوو، لەگەڵ ملوانکەی زێڕ و ئەنگوستیلەی هاوسەریش لە پەنجەمدا بریقەی دەدایەوە.

لە گەنجەکەم پرسی: خێرە دەچیت بۆ کەرکووك؟

-: دەچم ئازووخەی مانگانەم وەردەگرم.

-: بۆ تۆ خەڵکی کەرکووکی؟

وتی: بەڵێ، هێشتا نەگەڕاوینەتەوە لە(دارەتوو) دادەنیشین.

-: ئیتر هەر کەس ژیانی لە کوێ خۆش بگوزەرێ پێویستە لەوێ بژێ!.

-: ڕاستدەکەیت. بەس من خەڵکی گوندەکانی بان ساڵەییم، گوندەکەمان ئاوەدان نەکراوەتەوە، ئیتر بۆ کوێ بگەڕێینەوە.

وتم: ئاوەدان دەبێتەوە. ڕۆژێك دێت هەموومان دەگەڕێینەوە.

بۆ چەند خولەکێك بێدەنگییەکی ترسناك لە نێوانماندا درێژەی کێشا. ناچاربووم ئەم بێدەنگییە بشکێنم!.

وتم: کاسبکاریت؟

-: بەڵێ لەناو بازاڕی (شێخەللا) دەستگێڕم!

-: دەستگیرِ چییە؟

وتی: عارەبانەم هەیە و حەماڵی دەکەم.

-: لەشت ساخبێت...خێزانداریت؟

وتی: نەخێر، لەگەڵ دایکمدا لە کەلاوەیەك دەژین.

-: ئەی چۆنە تا ئێستا ژنت نەهێناوە؟

وتی: مامۆستا، ژن بە چی بهێنم ئەوەی دەستم دەکەوێت لەگەڵ دایکم دەیخۆین، ئەگەر لێمان زیادبێت دەیدەم بەدەرمان بۆ دایکم. پاشان چ کچێ ئامادەیە شوو بە حماڵێکی وەك من بکات و ئامادەبێت خزمەتی دایکم بکات.

-: ڕاستدەکەیت، داوای لێبووردن دەکەم. دەڵێین تێر ئاگای لەبرسی نییە.

گەنجەکە بە لاچاوێکەوە سەیری کردم، ئنجا ڕووانییە ملونکە زێڕەکەی قەد ملم. منیش لەشەرما قۆپچەی قەمیسەکەم داخست.

وتی: دیارە خوا وایکردووە من بەنەگبەتی بژیم.

وتم: ئەگەر خوا وایکردبێت، کەواتە هەردەبێت ئەویش دەرگایەکت بۆ بکاتەوە و ژیانت بگۆڕێ.

لە پاش کەمێك بێدەنگی و شەرمەزاریم بەرانبەر بەم کوڕە هەژارە، قسەکانی هاوسەرەکەم هاتە یاد دەیگوت: برۆ خەلکی ڕیزە خانوو دوکانیان کڕیوە کەچی ئێمە هەر لە جێگای خۆمانین!.

لەکاتێکدا گەنجەکە بە دڵتەنگییەوە دەیڕووانیە دەشت و دیمەنی ڕێگاوبانەکان.

لێمپرسی: ببوورە ناوتم نەزانی چیبوو؟.

-: ئەکرێت ناوی خۆمت پێنەلێم؟

-: براکەم ئەوە زۆر ئاساییە و مافی خۆتە، خۆشحاڵم... ئەی باوکت دەمێکە جێیهێشتوون؟

-: باوکم لە هەشتەکان کۆپتەری بەعس شەهیدی کردا!.

-: لە کوێ؟

-: هەر لەبان ساڵەیی. باوکم لەگەڵ براکەم پیکابە شوتیان بارکردبوو لە ڕێگا کۆپتەر دەگاتە بان سەریان و شەهیدیاین دەکات.

وتم: زۆر بەداخەوە...ڕژێمی بەعس شتێکی پیسبوو.

-: ڕاستدەکەیت... لەوەش ناخۆشتر شوانێك ڕووداوەکەی بینیبوو بۆی گێڕاینەوە.

وتم: چۆن؟ چی گێڕایەوە؟

وتی: کاتێ کۆپتەرەکە بە ئاسمانەوە بەدەوری پیکابەکەی باوکم دەخولایەوە، باوکم لە پیکابەکە دادەبزێت و براکەم کە تەمەنی هەشت نۆساڵ دەبوو هەڵی دەبڕێتە ئاسمان و بە فڕۆکەوانەکەی نیشاندەدات کە بیکات بۆ خاتری ئەم منداڵە وازیان لێبێنێ..کەچی کۆپتەرەکە بێبەزەییانە دەستڕێژیان

لێدەکات و دەیانکوژێ. ئێمە کاتێ بە هاوارییانەوە چووین تەرمی براکەم و باوکم پارچە پارچە بووبوون. پیکابەکەش سووتا بوو.

دڵم گووشرا...لەناکاو سووکان لەدەستم وەریگرت و لەسەر جادەی قیر لامداو خەریك بوو هەڵگەڕێین. لەسەرخۆ هاتمەوە سەر جادە قیرتاوەکە. ئەم گەنجە هیچ شپرزە نەبوو وەك ئەوەی هیچ ڕووینەدابێت. منیش لە ترسا ڕووخسارم سوور هەلگەڕابوو، نەمدەزانی بلێم چی.

گەنجەکە وتی: لاموابێت من دەبێت دابەزم!

-: بۆ برا؟ تازە وادەگەینە (پردێ)، هێشتا نیوەی ڕێگامان نەبڕیوە.

گەنجەکە دیسانەوە ڕووانییە سەروو ڕووخسارم. نەمدەزانی بیر لەچی دەکاتەوە؟!

بۆ ئەوەی چیتر باسی تراژییدیای ئەنفاڵ، زولمی بەعس نەکەم و برینی نە کولێنمەوە.

لێمپرسی: ئەرێ برا، (شێخەللا) پڕ بووە لە حمال و عارەبانە بەدەست، چۆن بۆتان دەردێنێ؟

وتی: هەولێر پڕبووە لە تەکسی کەچی خوا ڕسقی هەموویان دەدات.

وتم: ڕاستدەکەیت...چ جۆرە عارەبانەیەکت هەیە؟!

-: عارەبانەی دوو تایە ئەوەی بە دوای خۆت

ڕایدەکێشی.

-: ئەگەر تۆ لە جیاتی عارەبانەی دوو تایە، سێ تایەکانت هەبێت باشتر نییە؟.

-: بێگوومان باشترە و ئاسانترە، بەڵام ئێستا نرخی ئەو عارەبانانە فڕیوە!.

-: بەچەندە؟

-: بە چوار پێنج وەرەقەیە.

لە دڵی خۆمدا وتم ئەم کارە خێرە بۆ باوك و دایکم دەکەم،هەر کە لە کەرکوك گەڕامەوە دەچمە بازاڕی شێخەللا و عارەبانەیەکی سێ تایەیی بۆ ئەم گەنجە دەکڕم.

گەنجەکە سەیری پەنجەی دەستی کردم کە ئەڵقەی هاوسەریم بەستبوو. تۆزێ شلەژاو خێرا وتی: مامۆستا هەر لێرە ڕایگرە!.

وتم: چیبووە برا؟.

هاواری کردە سەرم: ڕایگرە...من دەبێت دابەزم.

ئۆتۆمبیلەکم ڕاگرت..خێرا دابەزیی وتی: تۆ بڕۆ کاکە گیان.

منیش دابەزیم وتم: بۆ کوێ بڕۆم؟ تۆ نەتوت دەچیت بۆ کەرکوك؟ بۆ پەشیمان بوویتەوە، بەس پێمبڵێ چییبووە تا داوای لێبووردنت لێبکەم.

وەڵامی نەدامەوە..وتم: من دەڕۆم ناشزانم چی ڕوویداوە بەس هیوادارم لە قسەکانم تووڕە

نەبووبیت.

سـواری ئۆتۆمبیلەکەم بووم هێواش هێواش لێی دوور کەوتمەوە، لە ئاوێنەکەوە بینیم دەستی لە ئۆتۆمبیلەکانی دواى مندا هەڵدەبڕی.

دڵـم ئـەوەنـدە تەنگبوو نەمدەزانی چیبکەم؟ هەرچەند لێکمدەدایەوە نەمدەزانی ئەم گەنجە بۆ ڕای خۆی گۆڕی لەگەڵمدا نەهات بۆ کەرکوك. لەداخا بەلێنمدا ئەگەر بگەڕێمەوە هەولێر حەتمەن دەچم بۆ شێخەڵلا و دەیدۆزمەوە، دەبێت نهێنی ئەم دابەزینەم بۆ ئاشکرابکات.

بە دڵتەنگییەوە گەیشتمە کەرکوك، منداڵەکانم لە هۆلی (لایف ستی) لە ئاهەنگی شایی خزمێکدا میوان بـوون. تەلەفۆنم بۆ هـاوسـەرەکـەم کرد و پاساوێکم هێنایەوە کە هێشتا لە پردێم و ئۆتۆمبیلەکەم پەنچەربووە.

لە داخا چوومە عەرەفە لای دوکانی مەسیحییەکان بیرە و مەزەم کڕی، لەسەر (گردی پیرۆزی رەحیماوا) دەستم کرد بە خـواردنـەوە. لە دڵی خۆمدا وتم: ئای لەم شارە پڕ لەخەمە باڕێکشی تیا نییە تیای بخۆیتەوە!

ئەو شـەوە بە سەرخۆشی لە ماڵی خـەزوورم نوستم، ئـەوەی لەبیرم مابێت گلەیی ژنەکەم و ماڵی خەزوورانم بوو دەیانگوت: پارەکەی بە گوو

داوەو بەسەر خۆشی گەڕاوەتەوە.

بۆ سبەینێ منداڵەکانم لە کەرکوك گەڕاندەوە بۆ هەولێر، لە ڕێگا بە دوودڵیەوە بەسەرهاتەکەم بۆ ژنەکەم گێڕایەوە.

ئەویش لەوەڵامدا وتی: دەوازی لێبێنە تۆ پیاوەتی خۆت کردووە ئیتر چ پێویست دەکات بچیت بەدوای حەماڵێك.

هیچ وەڵامیم نەدایەوە چونکە پێشبینی ئەم وەڵامەم کردبوو.

هەر کە گەیشتینە ماڵ منداڵەکانم دابەزاند و پێنج شەش وەرەقـەم خستە گیرفانم و و بەرەو (شێخەللا) بەڕێکەوتم. کون و قژبنی شێخەللام پشکنی و لە حەماڵێکم پرسی و وەسفی ئەو کوڕە گەنجەم بۆ کرد.

کابرای حەماڵ وتی: ئەوە گوڵ فەرهادە و خەڵکی دارەتووە.

وتم: بەڵێ، وتی لە دارەتوو دادەنیشم؟

-: بەس تۆ چیت لێی دەوێت؟.

لەپاش ئەوەی بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە، وتم: دوو شتم لە فەرهاد دەوێت.. یەکیان لێم قەبوول کات کە دەستگێرێکی بۆ بکرم وەك خێر. دووەمیان ئەگەر بکرێت ئەو نهێنیەم بۆ ئاشکرا بکات کە بۆ دابەزی لە ئۆتۆمبیلەکەم لە ڕێگای کەرکوك؟!

کابرای حەماڵ وتی: وەرە برا، گوڵ فەرهاد هیچ شتێ ناشارێتەوە با بڕۆیین بۆ لای.

بازاڕی دۆلار گۆڕینەوەمان بڕی و چووینە ناو کۆڵانی قەرتاسییەکان. فەرهادم بینی دەستە پەڕتووك و کارتۆنی پڕ لە پێنووسی دەگواستەوە ناو دوکانێك. هەر کە منی بینی شڵەژاو لەکارکردن وەستا.

منیش سڵاوم لێکرد، ئەویش بەساردییەکەوە وەڵامیدامەوە. پاشان کابرای حەماڵ دەستی گرت و وتی: کاکە فەرهاد ئەم کابرایە خوا ناردوویەتی، دەیناسی؟

فەرهاد وتی: بەڵێ.

کابرای حەماڵ وتی: دەباشە گوڵ فەرهاد، دەوەرە باچین چایەك پێکەوە بخۆیین.

فەرهاد ڕووی دەمی لەمن کرد و وتی: مامۆستا من هیچ شتێکم لەگەڵ تۆ نییە تۆ برای منی بەس بۆ خاتری خوا و منداڵەکانت لەمن دوور بکەوە.

وتم: زۆر باشە، تۆش بۆ خاتری ئەو دایکە جوانەت ئەم دیارییەم لێوەرگرە، ئەگەر بۆت دەکرێت بەس پێم بڵێ بۆ لە نیوەی ڕێگا دابەزیت؟

-: من پێت دەڵێم بەمەرجێ چیتر نامەوێت بتبینمەوە!.

-: بەبان چاو.

فەرهاد قۆڵی گرتم و ڕایکێشامە لایەکەوە لە کابرای حەماڵ دوورکەوتینەوە. ئنجا وتی:

کاتێ لەناو ئۆتۆمبیلەکەت قسەمان دەکرد و باسی شەهید بوونی باوکم و براکەم دەکرد. پاشان باسی گرانی عارەبانە و کاسبی شێخەڵلامان کرد لەو کاتە شەیتان خزیبووە ناو لەشم و دەیگوت: ئەم کابرایە دەوڵەمەندە سەیری ملوانکەی زێڕی بکە و سەیری ئۆتۆمبیلەکەی بکە... شەیتان دەیگوت: ئەگەر ئەمە ڕووت کەیتەوە هەم دەتوانی ژن بهێنی و هەم عارەبانەی سێ تایە بکڕی... منیش لەگەڵ شەیتان شەڕم کرد و تەسلیمی نەبووم، بۆیە هاوارم کردە سەرت کە ئۆتۆمبیلەکە ڕاگری...هەر کە لەئۆتۆمبیلەکەت دابەزیم شەیتانیش دابەزی و لێم دوورکەوتەوە..

وتم: فەرهاد گیان تێگەیشتم.

باوەشم پێیا کرد و وتم: یاخوا نموتان زۆربێت.

دیارییەکەم کردە گیرفانی و لە شادمانییا یەك بە دنیا هاوارم کرد: چ ڕۆژێکی خۆشە مرۆڤە جوانەکان هێشتا بۆنی گوڵیان لێدێ!.

## نەنکم (کەتان)

لەسەرەتای سالانی حەفتاکان منداڵێکی بچکۆلانە بووم، لەگەڵ براو خوشکەکانم لە خانوویەکی بە خشت دروستکراو لە گەڕەکێکی هەژارنشینی پڕ لە قوڕو چڵپاو دەژیاین. نەنکم ( کەتان )یش کارەکەری ماڵە دەوڵەمەندەکانی دەکرد، بە تەنەکە و خشت وکەرتە بلۆك ژوورێکی لە گۆشەیەکی خانوەکەمان دروست کردبوو.

لە سەردەمی منداڵیم بە پرسیارکردن هەموو کەسێکم بێزار دەکرد، لەبیرمە نەنکم لە گیرفانی سەڵتەکەی شیرینیەکی دەردەکرد و پێیدەدام، دەیگوت: دەمت داخە چیتر پرسیار مەکە!

وەك لەبیرم بێت پرسیارەکانم دەربارەی ماڵە دەوڵەمەندەکان بوو. دەمگوت: دەبێ ڕەنگیان چۆن بێت و منداڵەکانیان بەچی یاری کەن؟ هەمیشەش خەیاڵم لای ئەوە بوو ڕۆژێك لە ڕۆژان نەنکم لەگەڵ خۆی بمبات، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بۆنی چێشتی ناو

مەنجەڵ کەم.

هەموو بەیانیانێك بــەدوای نەنکم (کەتان) ڕامدەکرد و دەگریام، دەمگوت بمبە لەگەڵ خۆت. تا ڕۆژێکیان دڵی نەرمبوو پێکەوە سواری (تێمسەکانی ) شار بووین، چووین بۆ گەڕەکی ( عەرەفە ) کە کەوتۆتە قەراخ بیرە نەوتەکانی شارەکەم.

نەنکم ژنێکی قەڵەو بەخۆ بوو کاتێ ڕێی دەکرد ئەژنۆکانی ئازاری دەدا، من لەبەردەمی هەڵبەز هەڵبەز ڕامدەکرد و دەمڕووانییە ئەو لقە دارانەی کە سێو و پرتەقاڵەکانیان بەسەر دیواری دەرەوەی ماڵەکان شۆڕ ببوونەوە.

وتم: نەنە ئێرە بەهەشتە؟

-: ئەی پێنەگەی...پێمنەگوتی چیتر پرسیار مەکە!

-: نەنە دایکم پێیگوتم بەهەشت پڕ لە سێو و پرتەقاڵ!

نەنکم وەڵامی نەدامەوە..بەس من و براکانم ئەو خواردنانەی نەنکم بۆ مانی دەهێنایەوە ناومان نابوو (خواردنەکانی بەهەشت)..چونکە لەماڵی ئێمە بە مانگش بۆنی گۆشتمان نەدەکرد، بە ساڵش جل و بەرگی جوانمان نەدەپۆشی. جەژن بەجەژن باوکم لە توانای بوو پارە کۆ بکاتەوە و کراسێکی نوێ بۆ براو خوشکەکانم بکڕێ. من نەگبەت بووم هەرچی

کراسی برا گەورەکەم هەبوو بۆیان هەڵدەگرتم و دەبوایە لەبەری بکەم، خوا خێری نەنکم ( کەتان ) بنوسێ جار جار کراسی ڕەنگینی بۆ دەهێنام.

لەبەردەم دەرگایەکی مەزن ڕاوەستاین نەنکم شارەزا بوو دەستی بە دوگمەیەکەوە نا دەرگا کرایەوە. یەکەم جارمبوو چاوم بە حەوشە و باخچەیەکی وا فراوان بۆن خۆش بکەوێت. چوار ئەوەندەی ماڵی ئێمە دەبوو وتم: نەنە بۆ دەرگاکەیان ئەوەندە گەورەیە؟ وتی: کوڕم ئەوە ئۆتۆمبیلی پێ دێتە ژووری!

لە باخچەکەیان جۆلانەیەك دانرابوو بەپەلە ڕامکرد تا سواری جۆلانەکە بم کەچی پێم لە فریزی باخچەکە خزا و بەسەردەم کەوتم. خەریك بوو بگریم، کاتێ نەنکم بینی پەشیمان بوومەوە گوتم گەر بێزاری کەم جارێکیتر نامهێنێتەوە بۆ ئەم بەهەشتە!

نەنکم وتی: کوڕم پەلە مەکە ئێمە تا ئێوارە لێرەین...

ئێمە تەنیا ڕۆژانی جەژن دەچووین بۆ سەیران و سواری جۆلانە دارینەکان دەبووین، کەچی لەم ماڵە هەموو ڕۆژێك سەیرانە..بۆیە گوتم ئەگەر بگەڕیمەوە ماڵ بەدایکم دەڵێم با فیرە نوێژم بکات بەڵکو خوا ئێمەش بنێرێ بۆ بەهەشت..بەو

خەیاڵەش نەوەستام دەمگوت منداڵانی گەڕەکش فێرە نوێژ دەکەم تا ئەوانش کۆشکێکیان هەبێت وتێربن لە خواردن و میوە خۆشەکانی بەهەشت!.

نەنکم بینی دەستی کرد بە گیرفانی سەڵتەکەی و کلیلێکی بچکۆڵانەی زەردی دەرهێنا و دەرگای ژووری ماڵەکەی کـردەوە و چـووە ژوور..منیش جۆلانەکەم بەجێهێشت وبەدوای نەنکم خۆم کرد بە ژوورا.

ناو ماڵەکە هۆلێکی فراوانی لێبوو، لەناوەڕاستیدا مێزێکی دار ساجی درێـژ و پـان، شەش کورسی بەدەور دانرابوو. بە نەنکم وت: نەنە ئەم ماڵە لێرە دادەنشن و نان دەخۆن و دەنوون؟

وتـی: نا کوڕم، لێرە نان دەخۆن، ژووری نوستنیان جیایە!.

لە ژێر پەنجەرەی چێشتخانەکە مەخسەلەیەکم بینی چەند پەرداخێکی شووشەیی گوڵداری لەسەر بوو. نەنکم دەستیکرد بەشۆرینی پەرداخەکان، منیش لە پەنجەرەکەوە دەمتوانی کەپرێك ببینم بە بۆڵە ترێ داپۆشرابوو، مێزوکورسی قەفەز داری لە ژێرا بوو.

لـەبـیـرمـە دایـکـم دەچــوو بـۆ نــاو زەڵــکـاو و قامیشەڵەکانی دەم خاسە هەرچی لقە قامیش و حەیزەران هەیە کۆی دەکردەوە. پاشان بەپەنجەکانی

پێی دەیچنی و حەسیری لێ دروستدەکرد و لەسەری دادەنیشتین، سەبەتەیەکشی دروستدەکرد بۆ نانە ڕەق.

نەنکم دەرگـای دۆڵابێکی کـردەوە پڕ بوو لە میوە و شەربەت. ئنجا دۆلکەیەك ئـاوی ساردی دەرهێنا و پەرداخێ ئاوی ساردی خواردەوە..نیوەی پەرداخەکەی پڕ لە ئاو کرد و دایە دەستم.

منیش ئاوەکەم خـواردەوە بـەڵام پەرداخەکە بۆنێکی سەیری لێوە دەهات.

ئێمە لە ماڵی خۆمان بە جامی فافۆن ئاومان دەخـوارد ەوە. لە جیاتی دۆلکە شەربەیەکمان هەبوو!.

بە نەنکم وت: نەنە ئەم دۆڵابە سپییە چییە؟

-: کـوڕم ئەمە سـەلاجـەیـە، شـت بـە سـاردی ڕادەگرێ!.

ئێمەش لە ماڵەوە لە ژێـر نەردەوانەکەمان کوپەیەکمان هەبوو ئاوی بە فێنکی ڕادەگرت!.

ئنجا نەنکم هـەڕەشـەی لێکردم وتـی: نابێت دەست لە هیچ شتێ بدەیت..چیت ویست داوا لە من دەکەی. ئەگەر عاقلبیت دوو چوکلێتت دەدەمێ.

دڵی خۆشکردم..بەچوکلێتێك دەممی شیرین کرد.

ژوور بە ژوور منی لەگەڵ خۆی گـردا..ژووری

خەوی منداڵەکان پڕ لە بوکەلانە و جۆرەها یاری بوو. -: نەنە من تا ئێوارە لەم ژوورە یاری دەکەم و نایەمە دەرێ.

-: نا کوڕم نابێت تۆ دەست لەو یارییانە بدەیت. ئەمانە هەمووی یاری کوڕە گەورەکەیانە، دایکی بۆ یادگاری بۆی هەڵگرتوون.

بە دیواری ژوورەکە وێنەی منداڵێکم بینی وتم: ئەوە نییە نەنە منداڵیان هەیە.

نەنکم وتی: نا کوڕم ئەوە وێنەی منداڵییەتی.. ئێستا ئەم کوڕەیان گەورە بووە.

-: ئەی نەنە بۆ ئێمە هیچ وێنەیەکمان نییە لە ماڵەوە.

-: نەمگوت چیتر پرسیار مەکە!

لە بیرمچوو بەڵێنم دابوو لەم گەشتەم دەمم داخەم. ئاخر چۆن دەکرێت ئەم شتە سەیروسەمەرانە ببینم و پرسیارنەکەم!.

وێنەکە وەك لەزگە بە قەد دارێکەوە نووسا بوو، کوڕەکە فانیلەیەکی شینی خەت سپی لەبەردابوو. هاتە یادم هەمان کراس بوو براکەم لەبەری کردبوو بۆ ڕۆژی جەژن. پێکەنیم.. بۆم ئاشکرا بوو کە براکەشم کۆنە کراسی ماڵە دەوڵەمەندەکان لەبەردەکات .

لە ژوورەکانی تر کۆمەڵێ وێنەی ئەندامانی

خیزانەکە هەڵواسرابوو..یەك وێنە سەرنجی زۆر ڕاکێشام پیاوێك بە دەرپێ قوندەیەکەوە دەستی بەرز کردبووەوە،لاموابێ خاوەن ماڵەکە بوو. لە نەنکم پرسی: توخوا نەنە بێزار مەبە..پێمبڵێ ئەم پیاوە لەخوادەپاڕێتەوە.

نەنکم وتی: نا کوڕم..ئەوە مەلەوانی دەکات.. نابینی دەیەوێ زەرگ بهاوێتە ناو حەوزی ئاوەکەوە!.

بۆم ڕوونبووەوە هەموو لێکدانەوەکانم هەڵەن، چونکە من لەو ڕۆژەوەی چاوم کردووەتەوە باوکم بینیوە دەست بەرز دەکاتەوە و لەخوادەپاڕێتەوە!.

چوومە نهۆمی خـوارەوە لە ژووری دانیشتن تەلەفزیۆنێکی شاشە گەورە دانرابوو. ئێمە نەك لە ماڵ بەڵکو لە گەڕەکیش کەس تەلەفزیۆنی نەبوو، دەچووین بۆ چایخانەکان سەیری تەلەفزیۆنمان دەکرد.

لە پشتی تەلەفزیۆنەکە پەنجەرەیەکی شەش چاوەی لێبوو. ڕووانیمە دەرەوە حەوشە و باخچەیەکی ترم بینی کەوتبووە پشتی ماڵەکەوە، ڕامکردە لای نەنکم وتم: نەنە بچمە باخچەکەی پشتەوە؟

نەنکم وتـی: دەرگـای پشتەوەم لەترسی تۆ داخستووە نابێت بچیتە ئەو پشتە!

-: بۆ؟

وتی: لەبەرئەوەی حەوزی مەلاوانەکە لەوێیە،

تۆش مەلەوانی نیت و دەخنکێی!

ڕامکردە ژوورەکانی سەرەوە لە پەنجەرەیەکەوە سەیری حەوشەی پشتەوەم کرد، حەوزی مەلەوانەکە بەدرەخت داپۆشرابوو ئاوەکەی نەرمە شەپۆلێکی دەدا چەند گەڵا و شەکرە سێوو پرتەقاڵێکش وەك بەڵەم بە قەراخ ئاوەکەوە لەنگەریان گرتبوو و دەلەرییینەوە.

تا قەدەرێ بە دیار پەنجەرەکەوە وەستام، خەونم بە مەلەکردنی ناو حەوزەکەوە دەبینی.

لەناکاو بۆنی خواردنێکی خۆش بەر لوتم کەوت، خێرا دەرپەڕیم بەرەو چێشتخانەکە، بە تەقلە لێدان لەسەر نەردمانەکە کەوتمە خوارەوە. دەست وپێم ژان گرتی لە ترسی نەنکم فزەم نەکرد. وەك پشیلە بە ئاسپایی لە بۆنەکە نزیکبوومەوە.

نەنکم دیار نەبوو، منیش بۆم نەبوو دەست لە هیچ بدەم..لە هۆڵی دانیشتنەکە نەنکم بینی ڕووی لە قیبلە کردووە لەسەر هەمان بەرماڵ نوێژی دایکم ، نوێژ دەکات..دانیشتم تا لە نوێژ کردن بووەوە..هەر کە ئاوڕی دایەوە وتم: نەنە ئەی ئەم ماڵە بەرماڵ نوێژیان نییە؟

وتی: نا کوڕم کەس لەم ماڵە نوێژ ناکات!

لە دڵی خۆمدا وتم: کەواتە لە سەر ئەم زەوییەش خوا بەهەشتێکی داناوە بەس ئێمە تا

ئێستا نەماندۆزییوەتەوە..ئەگەر بگەڕێمەوە گەڕەك بە هاوڕێکانم دەڵێم وەرن با بگوازییەنەوە بۆ گەڕەکەکانی بەهەشت، چیمان داوە لەم گەڕەکە پڕ لە قوڕوچلپاوە.

چوومە چێشتخانەکە لەسەر کورسییەك دانیشتم..نەنکم وتی: چاو برسی..(قاپێك پڕ لە برنج و قەیسی بۆ دانام ). دەبخۆ!

نانەکەم لەسەرخۆ دەخوارد بیترس لە براو خوشکەکانم، چونکە هەمووجارێك نەنکم چێشتی بهێنایەوە براکانم غەدریان لێمدەکرد بەشێکی کەمیان بۆ دادەنام..ئێستا بە ئارەزووی خۆم وەك کوڕی پاشا دانیشتووم و نان دەخۆم.

نەنکم وتی: خێراکە کوڕم ئێستا خاوەن ماڵ دەگەڕێتەوە .

نانەکەم تەواو کرد نەنکم دەستی خستە ناو قووتییەکەوە چوکلاتێکی دامێ، وتی: بگرە ئەم شیرینیەش لەبەرئەوەی عاقل بوویت..ئەگەر ئەوانیش هاتنەوە هێمن بەو لە شوێن خۆت نەجووڵێ و تا پرسیارت لێنەکەن، دەنگ دەرنەکەیت!.

گوتم: بەسەر چاو نەنەگیان.

دەنگی گڕەی ئۆتۆمبیلەکە هات، دەرگای حەوشە کرایەوە ئۆتۆمبیلێکی ڕەشی زەبەلاح هاتە ژوور ڕوخساری ژن و مێردێك بە دیار کەوت.

سـەرەتـا زۆر تـرسـام..سـڵاویـان کـرد و ژنەکە نزیکم بوەوە لە باوەشی کردم و وتـی: تۆ گۆرانـی یا سۆرانـی؟

منیش لەشەرما وەڵامیم نەدایەوە.

نەنکم وتـــی: ئەمەیان گـۆرانــە..سـۆران لەم گەورەترە و دەچێتە خوێندن.

ژنەکە دەستی کـردە ناو قووتوە چوکلاتەکە ویستی چوکلێتیکم بداتێ نەنکم وتی: شیرینی مەدەرێ..لە بەیانییەوە دووجار داومەتێ.

ژنەکە وتی: لێگەڕی با بخوا.

مێردی ژنەکە شەبقەکەی سەری لابرد و خستییە بان سەرمەوە و وتـی: سەرت بۆ ئەوەندە بچووکە لەناو شەبقەکەم ونبووە...پاشان پێکەنی وگوتی: نا ئەوە سەری منە زۆر زلە.

منیش پێکەنیم، تـرس و شەرمم لەگەڵیان ڕەوایەوە.. وتم: چەند ماڵێکی باشن.

ئنجا کابراکە وتـی: میم کەتان نانت داوەتـە گۆران..

نەنکم وەڵامی دایەوە: خەمت نەبێت ئەم منداڵە وەك تۆ نەوسنە و بەشی خۆی خواردووە.

هەستم کرد نەنکم لەگەڵ خاوەن ماڵەکە وەك دۆست وئاشنا ڕەفتار دەکات .

لە دیـار تەلەفزیۆنەکە دانیشتم و گوێم لە

گۆرانیەکان دەگــرت، لەزمانی گـۆرانــی بێژەکە تێنەگەیشتم. دام لە پڕمەی گریان..گوتیان بۆ دەگری؟ گوتم من لەم گۆرانییە تێناگەم ئەوان بە پێکەنینەوە وتیان: قەینا کوڕم ئەوە بە زمانی تۆ گۆرانی ناڵێت!.

بەو منداڵییەم بیرم دەکردەوە دەمگوت: چیدەبوو ئـەگـەر هـەمـوو مـرۆڤـەکـانـی دونـیـا یـەك زمـان ئاخاوتنیان بکردایە.

کاتێ نان دانـرا کوڕە هەرزەکار و کچەکەیان هاتنە ژوور، جانتای مەکتەبیان هەڵدایە سەر کورسییەکان ودەستیان شۆری و دانیشتن، لەگەڵ دایك و باوکیان بە ئارامی نانیان خوارد.

لە بیرمە جارێکیان دایکم نیسکەوای لێنابوو، منیش خەزریم و گوتم من ئیلا نیسکەکەی دەستی نەنکم دەخۆم. بەدزی منەوە قاپێك نیسکیان بردە ژووری نەنکم وهێنانەوە.. گوتیان: دە بخۆ ئەمەش نیسکی نەنە..ئەوەندە جوان خواردم تا ئێستاش خوشك وبراکانم گاڵتەم پێدەکەن.

پێش ئـەوەی ماڵەکە جێبهێلین بینیم نەنکم هەرچی بەرماوەی خواردن هەبوو بە جوانی خستیە ناو قاپە پلاستیکەکەی ئنجا لە ناو بوخچەکەی پێچایەوە.

لەم کاتە کوڕە هەرزەکارەکەی ماڵەکە تۆپێکی

(تۆپی پێی) بە دیاری داپێم..کە لە ولاتانی دەرەوە باوکی بۆی هێنابوو..منیش لە خۆشیا تۆپەکەم توند لە باوەش گرت.. دایکی کوڕەکە هات و دووبارە لەباوەشی کردم و چەند دڵۆپە فرمێسکێك بەچاوەکانی ڕژانە خوارێ.

لەڕێگا لەخۆشیا نەمدەزانی چبکەم ئەوەندە پەلەم بوو بگەمە هاوڕێکانی گەڕەك تا ئەم تۆپە جوانەیان پیشان دەم..کەمێك دەترسام دەمگوت: زۆر جوانە تۆ بڵێی بتەقێ..ئاخر ئێمە بە تۆپی لاستیك یاریمان دەکرد. تەنانەت تیپی گەڕەکش تۆپێکی ئاوا جوانیان نەبوو تا یاری پێبکەن.

لە نەنکم پرسی: نەنە بۆچی ژنەکە گریا..

وتی: لەبەرئەوەی کوڕێکی هاوتەمەنی تۆی هەبوو ( دووربێت خوایە ) لە حەوزی مەلەوانەکە خنکا!.

-: بەس ئەو ژنە بۆنی دەکردم.. ماچی دەکردم خۆ من کوڕی ئەو نیم؟!

نەنکم وتی: لەبەرئەوەی ئەو کراسەی بەرت هی کوڕە مردووەکەی بوو!

-: کەواتە خەڵکی دەوڵەمەندیش دڵتەنگ دەبن؟

نەنکم تووڕە و ماندوو دیار بوو..وتم: نەنە گیان بەخوا چیتر پرسیار ناکەم...بەس پێم بڵێ ئەو پیاوەی ئەوماڵە پیشەی چییە؟

وتی: کوڕم ئەو هەموو تانکیە مەزن و بۆڕییە نەوتانە دەبینی..ئەو کابرایە بەڕێوبەریەتی!

من بیستبووم لە برا گەورەکەم کە قوتابخانە بەڕێوبەری هەیە، نەمدەزانی ئەو ئاگرە نەوتەی شەوانە شارەکەمی ڕوناك دەکرد... بە ڕۆژیش پیسی دەکرد بەڕێوبەری هەبێت.. بەڵێنمدا بە باوکم بڵێم تا ئەویش لە کۆمپانیای نەوتەکە ئیش بکات، بەڵکو ئێمەش ببینە خاوەن کۆشك و ئۆتۆمبیلێکی سووری جوان!

کاتێك نزیك ماڵ و گەڕەك بوومەوە تۆپەکەم لەژێر فانیلەکەم شاردەوە. خوا خوام بوو کەس نەیبینێ!

بە دزییەوە لەگەڵ نەنکم چووینە ماڵەوە. برا و خوشکەکانم بەدوام کەوتن وتیان: دەزانین ئەوە تۆپە لە ژێر فانیلەکەت، دەریخە تا بەزۆر لێمانەسەندوی.

منیش بە گریانەوە لێیان دوور کەوتمەوە. لەم کاتە نەنکم بوخچەکەی کردەوە بۆنی چێشتەکە ماڵەوەی پڕ کرد.

برا و خوشکەکانم لە من دوورکەوتنەوە و وتیان: ئەرەوەڵلا نەنە خواردنی بەهەشتی لەگەڵ خۆی هێناوە!..

ئەمجارەیان نەچووم بەلای خواردنەکە چونکە

هەموو شتێکم بۆ ئاشکرا بوو..چێشتەکە بەرماوەی ماڵە دەوڵەمەندەکان وکراسەکانیشمان کۆنە جلی مردووەکان بوو!

تۆپەکەم توند لە باوەش کرد و چوومە گەڕەك تا لەگەڵ هاوڕێکانم یاری بکەم!.

## کۆترە ڕەش و سپییەکان!

قوتابییەکان بە مامۆستاکەیان وت: لەم شارە پڕ لە چەکدارە بێزارین!.

مامۆستاش وەڵامی دانەوە: پشووتان درێژبێت ئەمەش کۆتایی دێت!.

یەکێ لە قوتابییەکان وتی: مامۆستا پلانێکم هەیە دەمەوێت بەهاوکاری هاوپۆلەکانم ئەنجامی بدەین!

مامۆستاش وتی: لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە پلان نایخوات، بەس فەرمووپلانەکەت بڵێ!

قوتابییەکە گوتی: مامۆستا ؛ لە مێژە لەو خەیاڵەم هەزارەها کۆتری سپی پەیدا بکەین وەك سمبولێك بۆ ئاشتی و ئـازادی بـە ئاسمانی شارەکەمان بیفرێنین!

مامۆستا و قوتابییەکان سەریان سوڕما لەم بیرۆچکەیە، گوتیان: ئافەرین.. ئەوان بەچەکدار کوچەو کۆڵانەکەیان گـرتـووە. ئێمەش ئاسمان

پڕدەکەین لە کۆتری سپی!

بەم جۆرە لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار قوتابیەکان ئاسمانی شارەکەیان ڕازاندەوە بە کۆتری سپی.. کەچی چەکدارەکان تەقەیان بە ئاسمانا کردو دەیان کۆتریان خەڵتانی خوێن کرد و چەند دانەیەکشیان بە باڵ شکاوی بەردایە خوارەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی سوڵتانەکان، قوتابی و ماموستاکەیان سزا دا. مامۆستاکە لە پیشەکەی دوورخرایەوە، قوتابیەکانیشیان دابەشکرد بەسەر قوتابخانەکانی تری شار.

لەو ڕۆژەوە دانشتوانی شار بەڵێنینادا هەموو ساڵێك یادی فڕینی کۆترەکان بکەنەوە.

ئەو ساڵە لە لایەن دەسەڵاتەوە بڕیار درا بە هەموو شێوەیەك کڕین و فرۆشتن و بە خێوکردنی کۆتری سپی قەدەخە بکرێ!

بۆ ساڵی نوێ و یادی ماتەمینی کۆترە سپیەکان.. قوتابی و مامۆستاکان لەژێر زەمینی شار کۆبوونەوە بە پلانێکی نوێ.

لە ڕۆژی یادەکە بەفر دەباری، کەچی دوو ئەوەندەی تر چەکدار ڕژانە ناوشار و بازگەیان لە سەر سووچی هەموو کۆڵانەکان دانا.

مامۆستا و قوتابیەکان هەرچی کۆتری ڕەش هەیە کۆیان کردەوە وەك سمبولێك بۆ ماتەمینی،

لەسەربانی هەموو ماڵێك كۆتر لە شەقەی باڵیدا و ئاسمانی شارەكەیان داپۆشی.

کـاتـێـك ئـاسـمـان ڕەش و سـپـی هـەڵـگـەڕا، چەكدارەكان لوولەی تفەنگیان ڕوو لە ئاسمان كرد و كۆترە ڕەشپۆشكانیشیان بە زاماری بەردایە خوارەوە.

پەڕی ڕەشی كۆترەكان ئاوێتەی كلۆ بەفرەكان بوون و شاریان بە ڕەنگی ڕەش و سپی و سوور داپۆشی!

بۆ سبەینێ گوێمان لە ڕادیۆی سوڵتانەكان بوو دەیگوت: چەكدارەكانمان بێ تاوانن..لەبەرئەوەی لە كاتی فڕینی كۆترە ڕەشەكان بەفر باریوە و ڕەنگی كۆترەكان گۆڕاون!

هـەرچـەنـدە هـەنـدێـك کـەس بـەم پـاسـاوەی سولتانەكان فریودران، كەچی لەبیریان چوو بوو كە كۆتر هەر كۆترە ئەگەر ڕەش بێت یان سپی!.

# ڕامالینی بەفر لە ڕۆژی خۆشەویستی! (١)

لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان پیشەم ماڵینی بەفری بەردەرکی ماڵان بوو. یەکێ لە خاوەن ماڵەکان ژنێکی فەرەنساوی بوو بە ناوی ( بریژێت ). دەم بە پێکەنین و ڕووخۆش، باڵا کورت و پرچ ڕەش و پێست برۆنزی بوو.

بەیانیان کە دەچوو بۆ دەوام بە سواری ئۆتۆمبیلەکەی، بەخەندەوە سڵاوی لێدەکردم. لەگەڵ خەندەکەی ڕیزە ددانە وردو سپیەکانی دەدرەوشانەوە. منیش لە کانگای دڵەوە وەڵامیم دەدایەوە.

بەیانیەکیان یەکێ لە تایەی ئۆتۆمبیلەکەی پەنچەر بوو، ئاگاداریم کردەوە. دوای ئەوەی سوپاسی کردم پێیگوتم خەمت نەبێت، ئەمڕۆ بە پاسکیلەکەم دەچم بۆ دەوام!.

لەبەردەرگە چـاوەڕوان بـووم، لە پڕ بینیم بە خۆیی و پاسکیلەکەی هاتەدەرەوە.

وتم: بەم بەفرە زەحمەتە بگەیتە سەرکار.

بزە پێکەنینی کرد و سواری پاسکیلەکەی بوو. وەك ئەوەی سەر شەقام بەفری بەسەرەو نەبێت پاسکیلەکەی لێخوڕی.

بـەردەگـەی ماڵیم بە جوانی ڕامـاڵـی. پاشان جامی ئۆتۆمبیلەکەشیم پاككردەوە. بینیم دەرگەی ئۆتۆمبیلەکەی قفل نەدرابوو. بیرم کردەوە ئەگەر سپانە و جەگی هەبێت تایەکەی بۆ پەنچەر دەکەم.

سنووقی پشتەوەی ئۆتۆمبیلەکەم کـردەوە جەگ و سپانەیەکی ئەڵمانی تیابوو. بەو سەرمایە هەرچۆنێك بوو تایە پەنچەرەکەم لێکردەوە. خستمە ناو ئۆتۆمبیلکەم و بردمە لای پەنجەرچی پەنچەرم کرد. گەڕامەوە و تایەکەم بۆ بەستەوە.

ڕۆژی یەکشەممە سەردانی ماڵی ( بریژێتم ) کرد بۆ ئەوەی پارەی بەفر ماڵینەکەی لێوەرگرم. کە گەیشتمە بەردەرگەی ماڵی، زەنگم لێدا.

دەرگـەی کـردەوە و گـوتـی: با سەرمات نەبێت وەرە ژوور.

لە چێشتخانەکەی مێزێکی لێبوو بە وێنەی دڵ، لەگەڵ دوو کورسی دار کە دەسك و پێیەکانی لە شێوەی گوڵ دروستکرا بوون.

پێمگووت: مێزو کورسیەکەت زۆر جوانن.

- سوپاست دەکەم... قاوە دەخۆیتەوە یان چای؟

- قاوەیەکی ڕەش.

ئینجا بە پێکەنینەوە وتی: دەزانم تۆ تایەکەت بۆ پەنجەرکردم، زۆر سوپاس.

-: چۆن زانیت؟

وتـــی: لـە تـۆ زیـاتـر کـەسـیـتـر نـەیـدەزانـی ئۆتۆمبیلەکەم پەنچەرە!.

-: ڕاستدەکەیت.

- کەمێك ڕۆنی ڕەش ڕژابووە ژێر تایەکەوە.

منیش وتم: هەولمدا یارمەتیت دەم.

- دەستخۆش.....ئەم زستانە بەفر زۆر باری؟

وتم: بەلێ، بۆ من زۆر باشە، پارە زۆرتر پەیدا دەکەم.

-جگە لەم ئیشە کاریتر دەکەیت.؟

وتم: نەخێر، بە ڕۆژ دەچم بۆ فێربوونی زمان!.

- تۆ ئینگلیزییەکی باش قسە دەکەیت!.

( زمانی ئینگلیزم باش نەبوو، لێ خەڵکی ئەم وڵاتە کەس ناشکێننەوە ).

وتـم: لە قسەکردن باشم، بەس لە نووسین خەراپم.

(حەزم دەکرد زۆرتر بمێنمەوە، لیچ هیچ بابەتێك نەبوو لەگەڵی باسکەم). دوا قوومم لە قاوەکەداو

وتم: من دەبێت بڕۆم.

وتی: زۆر باشە، یەکشەممەیەکی تر دەتبینمەوە. (پارەکەی خستە ناو زەرفێکەوە و دایە دەستم).

پێشئەوەی لەبەردەرگەی ماڵەکەی بێمە دەرەوە، لێمپرسی: مادام بریژێت، تۆ پیشەت چییە؟

- بە ڕۆژ مامۆستای زمانی فەرەنسیم، ئێوارانیش لە ڕیستورانت کار دەکەم.

وتم: لە کام ڕیستورانت؟.

- لە ڕیستورانی ( سانت دەنیس ).... کووپنی خواردنم هەیە، ڕاوەستە، با بچم بۆت بهێنم.

چووە ژوورەوە، کووپنێکی بەدەستەوە بوو وتی: بەم کووپنە دەتوانی بەخۆڕایی نان بخۆیَ لە ڕۆژی (ڤالنتاین)؟

منیش وتم: ( ڤالنتاین) مانای چییە؟

وتی: چۆن نازانیت؟.

-: بمبورە، نازانم!.

وتی: تۆ دەزگیرانت هەیە؟

: نەخێر.

وتی: کەواتە ئەم کووپنە دەستی تۆ نادات. کەی حەزت لێبوو وەرە بۆ ڕەستورانەکە بیرەیەك پێکەوە دەخۆینەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی لە قوتابخانە لە مامۆستاکەم پرسی (ڤالتاین ) چییە؟

مامۆستاکەم زۆر بە جوانی چیرۆکی ڤالتاینزدەی بۆ گێڕامەوە.

( لە دڵی خۆمدا وتم: ئەو هەموو ساڵە لە وڵات خوێندم جگە لە مێژووی جەنگی قادسیە و ئیستعمار و سەهیۆنیزم، هیچیتریان فێرنەکردم).

هەفتەیەك بەر ل ڕۆژی ڤالنتاین بەفری بەردەرگەی ماڵی کچە فەرەنسیەکەم پاکدەکردەوە. گوێم لە دەنگێ بوو وتی: وەرە ژوور با پێکەوە قاوەیەك بخۆینەوە.

بەفری سەر چاکەتەکەم داتەکاند، بووتەکەشم یەك دووجار بە دیوارەکەدادا و پاکم کردەوە. چوومە ژوور. بۆنی هێلکە ڕۆن و قاوەیەکی خۆشدەهات.

لە چێشتخانەکە دانیشتم. ( بریژێت ) بیجامەیەکی فش و فانیلەیەکی تەنکی لەبەردابوو. کە گووپی قنگی لە بیجامەکەیەوە دەلەرییەوە.

وتی: دەبێت نانی بەیانیم لەگەڵدا بخۆیت.

-: برسیم نییە؟

-: کاتێ تۆم بینی خواردنەکەم زیاتر کرد تا پێکەوە نان بخۆین.

-: باشە،( تۆستێك ) دەخۆم.

قاوەیەکم بۆ خۆم تێکرد و لە قاپێکش لەفەیەکی هێلکەم دروستکرد.

بریژێت بە بەزەردەخەنەوە لێیپرسیم: تۆ

بەڕاستی نازانیت ( ڤالنتاین) لە چ ڕۆژێکە؟

وتم: ڕاستیەکەی، لە ژیانمدا ناوی ( ڤالنتاینم) نەبیستبوو. چەند ڕۆژ پێش لە مامۆستاکەم پرسی. ئەو چیرۆکەکەی بەجوانی بۆ گێڕامەوە.

وتی: ئەی لە وڵاتی ئێوە بۆ ڕۆژی خۆشەویستی چی دەکەن؟.

-: لە وڵاتی ئێمە خۆشەویستی قەدەغەیە. من کچێکم خۆشدەویست تا نامەیەکم دەدایە دەستی، هەزار موجازەفەم دەکرد.

وتی: ئەی دایك و باوکت باسی خۆشەویستی بۆ نەکردوون؟

-:باوك و دایکم چل ساڵ زیاتر پێکەوە بوون، کەچی ڕۆژێك گوێم لێنەبوو باوکم بە دایکم بلێت: ژنەکە خۆشم دەوێی؟

بریژێت پێکەنی، منیش بەدوای ئەوەوە پێکەنیم.

وتی: من زۆرم خوێندووە لەسەر کەلتووری ڕۆژهەڵات، لی نەمدەزانی ڕۆژی خۆشەویستی لای ئێوە نیە.

-: لەسەردەمی مندا نەبووە، لەوەبێت نەوەی داهاتوو یادی بکەنەوە.

لەم کاتە بریژێت دوو پەرداخ ئاوی ساردی هێنا ، خۆی لار کردەوە تا یەکێ لە پەرداخەکە بداتە دەستم، لەگەڵ لار بوونەوەی جووتە مەمکی وەك

سێوی قەد درەخت شۆڕ بوونەوە خوارەوە. لام وابێت ئەویش هەستی کرد. کە دەڕوانمە درزی مەمکی.

دەستی برد بۆ تەلەفۆنەکەی ماڵەوەیان کە بە قەد دیواری چێشتخانەکەوە هەڵواسرابوو. بە پەنجە ناسکەکانی دوگمەی ژمارەکانی لێدا.

لەبەرئەوەی بە زمانی فەرەنسی قسەیکرد، هیچ تێنەگەیشتم.

کە تەلەفۆنەکەی داخست. ئەگەرچی نیگای چاوی پڕ لە خۆشەویستی بوو. لی نەختۆکەك نیگەران بووم لە دانیشتنەکەم.

پێمگووت: زۆر سوپاس بۆ قاوەکە، دەبێت بڕۆم بەردەرگەی ماڵەکانی تر ڕامالم.

بریژێت تا بەردەرگەی ماڵەکەی لەگەڵم هات و دەستی گرتم و بە دەنگێکی ناسکەوە وتی: ئەگەر دەواتت کەم بۆ ڕۆژی خۆشەویستی ئامادەی لەگەڵمدا بێت بۆ ڕیستورانت.

( منیش لە دڵی خۆمدا وتم خواوبێت، وا خۆی هاوار دەکات، بۆ کوێ دەچیتە دەرەوە؟).

وتم: بەبان چاو. ئامادەم لەگەڵ شۆخێکی وەك تۆ بۆ هەموو شوێنێك بچم!.

لەیەکتر نزیك بووینەوە. باوەشم بۆ کردەوە. سەرەتا باوەشێکی بچکۆلانەی دامێ.

بایەکی سارد لەدەرگەکە دەهاتە ژوور. تا هێزم

تیابوو لەباوەشم کرد و وتم: گەرمت کەمەوە.

دەرگـەکـەی داخـسـت، دەسـتـی ڕاکـێـشـام بۆ چێشتخانەکە وتـی: با سـەرو قاوەیەکی تریش بخۆینەوە.

سەیری کاتژمێرەکەم کـرد، وتـم ئـەی بۆ تۆ درەنگ نییە؟.

-: نەتبینی تەلەفۆنم کرد.

-: بەزمانی فەرەنسی قسەتکرد.

-: بە بەڕێوبەرم گووت بەفرێکی زۆر باریوە، ناتوانم بێم بۆ دەوام.

دەستیم گرت و ڕامکێشا بەلای خۆما. لەباوەشم دامنیشاند.

وتی: چیدەکەیت؟.

وتم: بەفرەکە ڕادەماڵم!.

*** ***

# ژووانێکی تاڵ لە ڕۆژی خۆشەویستی! (٢)

لە ڕۆژی خۆشەویستی ڕووداوێکی ناخۆشم بەسەرهات. لەو ڕۆژەدا بە ڕێژەیەکی زۆر بەفرباری بوو. من و هاوکارەکەم لە کاتژمێر پێنج ونیوی بەرەبەیانەوە خەریکی ڕاماڵینی بەفری بەردەرگەی ماڵەکان بووین.

لە کاتژمێر نۆ و چارەك نانی بەیانیمان لە کافتریایەك خوارد. لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژە بەژنێك بەفر باری بوو، ناچار بە خاوەن ماڵەکانمان ڕاگەیاند کە بەفر ماڵینەکەمان دوا دەخەین بۆ ڕۆژێکتر.

لەهەمان کات ( بریژێت ) بەردەوام تەلەفۆنی بۆ دەکردم و دەیگوت: خۆشەویستەکەم، لەبیرت نەچێت ئێوارە دەچینە ڕیستورانەکەی سەنتەری شار.

ئێوارە درەنگ گەڕامەوە ماڵ، خێرا دوشێکم کرد. زەنگی موبایلەکەم لێیدا. بریژێت وتی: تۆ

بە سواری پاس وەرە بۆ ڕەستورانەکە، لەدوای نان خواردن بە ئۆتۆمبیلەکەم دەگەڕێنەوە ماڵ.

لە دوکانی بەنزیخانەکەی سەرکۆڵانەکەمان چەپکێ گوڵم کڕی. سواری پاسی ژمارە ٦٩ بووم. ئەگەرچی زۆر ماندوو بووم، بەڵام دڵخۆشبووم چونکە ڕۆژێکی تایبەت بوو لە ژیانم.

بەهۆی بەفربارینەوە پاسەکە خێراییەکەی کەمتر بوولە جاران. بۆیە بە هەلمزانی سەر خەوێکی بۆ بکەم، بۆ ئەوەی لەپاش نانخواردنی ئێوارە خەو نەمباتەوە.

لەبەر ماندووبوون نازانم بۆ چەند خوولەك چاوم چووە خەو؟.

کاتێ ئاگادار بووم شوفێری پاسەکە هاواری دەکرد و دەیگوت: دابەزە ئێرە دوا ئیستگەیە.

بە چاوی خەواڵوو، لێمپرسی: ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ من دەبێت لە سەنتەری شار دابەزم.

شوفێرەکە وتی: سەنتەری شارمان بە جیهێشتووە.

-: ئێرە کوێیە؟

-: ئێرە ڕۆژهەلاتی شارە. دەبێت دوو ویستگەی تر بگەڕێیتەوە دواوە، پاسێکیتر بگریت.

-: ئەی تۆ ناگەڕێیتەوە بۆ ناو شار.

-: من شفتم تەواوبووە. کاتم بە فیڕۆ مەدە

دابەزە.

سەیرێکی موبایلەکەم کرد تابزانم کاتژمێر چەندە؟. بینیم لە ژووانەکەم دواکەوتووم چوار پێنج نامەشم بۆ هاتووە. خێرا نامەکانم خوێندەوە.

شوفێرەکە قیڕاندی بە سەرما، وتی: دابەزە بانەیەم بەشەق داتبەزێنم.

چەپکە گوڵەکەم گرتە دەست و خێرا دابەزیم. لە کاتی دابەزین گوێم لەدەنگی شوفێرەکە بوو بەردەوام جوێنی پێدەدام.

لە ناو ئیستگەی پاسەکە وەستام، بای ساردی زستان ڕوومەتی تەزاندبووم. قاچەکانم کەوتنە لەرزین. سەیرێکی چواردەوری خۆم کرد. جگە لە چەند باڵاخانەیەك کە نزیکی کیلۆمەترێك لێم دووربوون هیچی ترم نەبینی.

دەستم برد بۆ گیرفانم تا تەلەفۆنێك بۆ( بریژێت ) بکەم. گیرفانەکانم پشکنی موبایلەکەم نەدۆزییەوە. بۆم دەرکەوت کە موبایلەکەم لەناو پاسەکە بە جێهێشتووە. بەرەو ئیستگەکەی خوارتر شۆڕبوومەوە.

بەدەم ڕێوە بیرمدەکردەوە و دەمگوت: لەم ڕۆژەدا هەزارەها چەپکە گوڵ و نامە لەنێوان ئەویندارەکان دەگۆڕدرێتەوە. هەزارەهای تر لەیەکتر تووڕەن و دەرگەی دڵیان دادەخەن. کەسانیترش هەن هەستی

خۆشەویستیان نییە و تاوان دەکەن!.

دوو کوڕی هەرزەکارم بینی لەناو ئیستگەی پاسەکە ڕەواستابوون، بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد.

پاش سڵاو کردن، لێیانم پرسی: موبایلتان پێیە، دەمەوێت تەلەفۆنێ بکەم.

وتیان: نەخێر.

چەپکە گوڵەکەم لەباوەش گرت و لە گۆشەیەك ڕاوەستام. هەرئەوەندە ئاگاداربووم دوو گەنجەکە بە بۆکس و شەق بەربوونە گیانم، کەوتمە سەرزەوی قاچی یەکێکیانم ڕاکێشا تا لە بنی خۆمی نێم، لی ئەویتریان بە پێ لەقە شەکەتی کردم. ئینجا گیرفانەکەمیان پشکنی هەرچیم هەبوو دزییان. چەند مشتە کۆڵەیەکی تریان لێدام تا لەهۆش خۆم چووم.

کاتێ ئاگادار بوومەوە شوفێری پاسێك و چەند کەسێك بە دیار سەرمەوە ڕاوەستابوون.

شوفێرەکە دەستی گرتم و وتی: ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن بەڕێوە، مەترسە.

قسەم پێنەدەکرا. سەیرێکی چواردەوری خۆمکرد، بینیم پەڕەی گوڵ و خوێن زەوییان سوور داپۆشیبوو.

ئۆتۆمبیلی فریاکەوتنەکە گەیشت، خستمیانە

سەرقەلەوێرەیەك و بەرەو نەخۆشخانە بردمیان.

لەپاش تیمارکردن، باری تەندروستیم باشتربوو.
پۆلیس هات و زانیاری لەسەر ڕووداوەکە لێوەرگرتم.

پزیشکێکش پێیگوتم: هەرکات حەزت لێبوو دەتوانی نەخۆشخانە جێبهێلی!.

تەلەفۆنێکم بۆ (بریژێت ) کرد، ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە.

وتی: خۆشەویستەکەم، هەر ئێستا دێم بۆ لات!.

لەپاش نیو کاتژمێر بریژێت بە نیگەرانیەوە گەیشتە بەردەم نەخۆشخانەکە. کە منی بینی لاچاوم شین ومۆرە بووەتەوە. باوەشی پێما کرد و وتی: بمبەخشە، هەڵەی من بوو کە ڕۆژی خۆشەویستیم پێناسندی!.

بە سواری ئۆتۆمبیلەکەی برژێت دوای نیوە شەو گەیشتینەوە ماڵ. لەسەر قەنەفەکەم ڕاکشام. (برژێت)یش دوای تووڕە بوون و جوێندان بەو گەنجانەی کەمنیان ئازاردابوو.هاتە لامەوە دەستی بەسەرمدا هێنا و لاواندمییەوە.

زۆری نەبرد بەپەنجە نەرم ناسکەکەی یاری بە مووەکانی سەر سینگم کرد، دوو سێ جار لەسەریەك ماچیکردم.

-: ببوورە بریژێت گیان... ڕۆژی خۆشەویستیم لێتێکدای!.

باوەشی پێما کرد و پێکەنی و وتی: کەس نییە بتوانێ ڕۆژی خۆشەویستیم لێتێکبدا.

-: مەبەستت چییە؟

-: ئەمشەو خۆم تیمارت دەکەم!.

سەرەڕای ماندوو بوون و بێهێزیم شەوێکی خۆشم لەگەڵ برژێت بەسەر برد.

بۆ سبەینێ، نزیك کاتژمێر دە و چارەك زەنگی ماڵەکەم لێیدا. دەرگەم کردەوە، خانمێکی نازادر کە چەپکێ گوڵ و کارتۆنێکی بەدەستەوە بوو خۆی پێناسندم و وتی: من لەلایەن فەرمانگە و بەڕێوبەری پاسەکانی شارەوانییەوە هاتووم.

وتم: فەرموو.

-: ئەم چەپکە گوڵ و پۆستکارتە دیاری ئێمەیە بۆ تۆ، ئەم کارتۆنە بچووکەش موبایلەکەتی تیایە، بەداوای لێبوردنەوە بۆتی دەگەڕێنینەوە.

# پشیلەکەی بریژێت!

هـەرچـەنـدە مـن و (بـریـژێـت) یـەکـتـرمـان خۆشدەویست و تازە کەپڵ بووین، بەڵام هێشتا بڕیارمان نەدابوو پێکەوە بژێین، بۆیە تەنیا ڕۆژانی شەممەو یەکشەممان یەکترمان دەبینی و کاتێکی خۆشمان دەبردە سەر. زۆربەی شەوان پێش نوستن بەتەلەفۆن تێر قسەمان دەکرد، تا ماندوو دەبووین ئینجا بە شـەوبـاش و هەندێك مـاچ گۆڕینەوە کۆتاییمان بە گفتوگۆکەمان دەهێنا.

زۆربەی کات خەیاڵ دەیبردمەوە بۆ ئەو ساتانەی کە لەگەڵ (برژێت)دا دەبم. جۆرەها بیرکردنەوە دەیورژاندم و دەمگووت ئەگەر ئەمجارە (بریژێت) ببینم چۆن چۆنی و بە چ شێوەیەك لەگەڵی سێکس بکەم. با لەوە گەڕێین چۆن چۆنی بیرم دەکردەوە. باشترە وایە بەسەرهاتی نیوان من و پشیلەکەی (بریژێت)تان بۆ بگێڕمەوە:

ئێوارەیەکیان بـرژێـت بـە تەلەفۆن پێیوتم

پشیلەیەکی جوانم دۆزیـوەتـەوە چەند ڕۆژێکە میوانمە، زۆر میهرەبانە و لەو بڕوایەم بیبینی خۆشتبویّ!.

منیش یەکسەر لێمپرسی: چ ڕەنگە و ڕەگەزی چییە؟!.

بریژێت وتـی: پرتەقاڵییە و جـوان و خرپنە، پشیلەیەکی نێرە و تەڵەمووی سمێلی.....

هەر کە وتی نێرە... لەناخمدا هەستێك بزواندمی نەمدەزانی چیبوو؟

بریژێت خەیاڵەکانمی پساند: ئەریّ لەسەر خەت ماوی؟

- بەلیّ...بەلیّ!

هەرچۆنێك بوو کۆتاییم بە ئاخاوتنەکەمان هێنا.

ئــەو شـــەوە پـشـیـلـەکـە هــەسـت و هـۆشـی داگیرکردبووم. دەمزانی هۆی دڵتەنگیەکەم ئەوەیە کە ئیرەیی و بەخیلی بـەو پشیلەیە دەبـەم کە لەگەڵ یارەکەم دەژێت.

دڵم خورپەی دابوو شەڕێکی گەورە لە نێوان من و ئەو پشیلەیەدا ڕوودات!.

بۆ ڕۆژی شەممە دیارییەکم بۆ پشیلەکە کڕی و لەگەڵ چەپکیّ گول بۆ دەنکەکەم!.

کاتیّ گەیشتمە بەردەم دەرگەی ماڵی بریژێت، پشیلەیەکی جوان و خرپن لە پەنجەرەی ماڵەکە

دانیشتبوو. هەرکە منی بینی و چرنۆکی لە شووشەی پەنجەرەکە خشاند.

ئەمە سەرەتای هەڵگیرساندنی شەڕەکە بووا.

پاش ئەوەی بریژێت دەرگەی کردەوە و باوەشی پێما کرد وبۆ ساتێك لەچاوەکانی یەکترمان ڕووانی. پشیلەکە لە نێوان پێماندا خۆی دەخشاند و میاوەمیاوی بوو.

بریژێت پشیلەکەی هەڵگرتە باوەش وتی: ئەوە (جەی ) دەزگیرانمە، ئەم پشیلیەش ناوم ناوە (ئۆرەنج) دەبێتە ئەندامێك لەم ماڵە.

گوڵەکەم دایە دەستی بریژێت و تۆپێکی بچکۆلانەم لەبەردەم پشیلەکە دانا و پیشانیمدا چۆن یاری لەگەڵدا بکات. پشیلەکە یەك دوجار بە دەستەکانی تۆپەکەی سووڕاند وبەدەوری خوولایەوە. منیش پەلاپیتکەیەکم لە تۆپەکەدا چەند مەترێك دوورم خستەوە، دەستم بەسەر پشیلەکەدا هێناو وتم: ڕاکە تۆپەکە بگرە.

ئۆرەنج بەدوای تۆپەکە کەوت. لەدواوە باوەشم بە بریژێت کرد و وتم: بیرتم دەکرد.

پێکەوە لەسەر قەنەفەکە دانیشتین. لە پڕ ئۆرەنج هاتە نێوانمانەوە و پاڵ کەوت.

بریژێت پێکەنی و وتی: ئەوە ئیرەیی گرتوویەتی. هاتم بڵێم منیش ئیرەییم دێت کە ئەم پشیلەیە

شەوڕۆژ لەگەڵ تۆدا بژێت!.

بریژێت وتی: گیانلەبەرە نێرەکان لە ڕەگەزدا ئیرەیی و دڕندەیی لە خوێنیاندایە!.

-: مێیەش ئیرەیی دەکات.

لەپاش قاوەخواردنەوە، لەگەڵ بریژێت خواردنمان ئامادەکرد تا پێکەوە بە سواری پاسکیل بۆ نیوەڕۆ بچین بۆ پارکی (گاتینۆ) کە کاتژمێرێك دووربوو لە شاری (ئۆتاوا).

پێشئەوەی لەدەرگەی ماڵ دەرچینە دەرەوە ئۆرەنج خۆی بۆ گیانی من گف کردەوە و دەیوست چڕنۆکم لێبگرێ. هەرچەند بریژێت بە تووڕەییەوە وتی: ئۆرەنج میهرەبان بە لەگەڵ (جەی).

پشیلەکە سەری خۆی کزکرد. بریژێت چەند جارێك دەستی بەسەریا هێناو لە باوەشیگرت و ماچی کرد.

منیش جامێ ئاو و قوتییەك خواردنم لەبەردەمی پشیلەکە دانا.

دەستم بەسەر پشتی پشیلەکە هێناو وتم: ئۆرەنج پێویستە من وتۆ ببین بە برادەر.

لەماڵ هاتینە دەر، ئۆرەنج لە پەنجەرەکەوە سەیری دەکردین. بریژێت لە قەد شوشەی پەنجەرەکە وێنەی دڵێکی کێشا و بای بای لێکرد. منیش وێنەی تیرێکم لە دڵەکە چەقاند و بە

پێکەنینەوە وتم: نۆبەی منە لەگەڵ یارەکەم بم.

بەسواری پاسکیل بەناو چەند کۆڵانێك تێپەڕین تا کەوتینە سەر جادەی پاسکیل سوارەکان.

لەڕێگا بیرمدەکردەوە، ئەم پشیلە سپڵەیە لەکوێوە بۆ من پەیدابوو. خۆزگە پشیلەیەکی مێینە دەبووا!.

کاتێ گەیشتینە ناو پارکی ( گاتینۆ) لەبەردەم ڕووبارێك پشوویەکمان دا، چەند سەتمەترێك دوور لە ئێمە شوێنی مەلەوانگە و گەشتیارەکان بوو. ئاوی ڕووبارەکە سارد بوو، لی کچ و کوڕە هەرزەکارەکان بەدوای یەکتر و لەباوەشی یەکتر مەلەیان دەکرد و دەنگە زیکن و پێکەنینەکانیان ئەو ناوەی هەژاندبوو.

بریژێت لەفەیەکی پەنیر و خاسی بۆ ئامادەکردم و لەگەڵ شەربەتێکی ئۆرەنج کە پشیلەکەی بەبیر هێنامەوە.

بەدەم خواردن و دەستلەملانێوە کاتێکی خۆشم هەبوو تا ئەو کاتەی گەنجێك هاوتەمەنی بریژێت، هاتە لامان، سڵاوی لێکردین و وتی: بریژێت نامناسیتەوە؟!

بریژێت لە گەنجەکە ورد بووەوە، ئینجا زیقانی و باوەشی پێیا کرد وتی: ئەوە تۆ چیدەکەیت لێرە، کچی ترت هەڵخەڵەتانووە؟!.

گەنجەکە وتی: نا نا بریژێت، ئێستا من کوڕێکی بەوەفام...کچێکی جوان دۆستمە وپێکەوە دەژین.

بریژێت منی بە کوڕە گەنجەکە ناساند، وتی: ئەمەش دەزگیرانم ( جەی ).

گەنجەکە بە ڕووخۆشی پێیوتم: بەختێکی باشت هەیە، بریژێت کچێکی ناوازەو دڵگیرە.

گەنجەکە لێمان دوورکەوتەوە.

منیش پرسیم: بریژێت ئەم گەنجە کێ بوو؟

- کاتێك لە ئامادەیی دەمخوێند بۆ چەند ساڵێك دۆستم بوو!.

لەناخەوە ئاگرم تێبەربوو، لی خۆم کۆنترۆلکرد و وتم: جا پێویستی دەکرد ئاوە باوەشی پێیا بکەیت؟

- ئەها تۆش وەك پشیلەکەم ئیرەیی دەکەیت!.

کە وتی وەك پشیلەکەم، زۆرم پێناخۆشبوو. بۆیە بە پێکەنینێکی درۆزنانە وتم: بەڵام من وەك پشیلەکەت دەبەنگ نیم!.

- جەی... نابێت لەبیری بکەی، کە پێش ئەوەی تۆ ببینم لەگەڵ پیاوی تر بوومە!.

- بریژێت، دەکرێ باسی ڕابووردوو نەکەیت.

پێکەوە دەستمان خستە ناودەست و بەدەم ڕووبارەکە پیاسەمان کرد. ئینجا چووینە ناو درەختەکان و تا لەبەرچاوی خەڵکەکە دوورکەوینەوە. بریژێت لێیپرسیم: جەی بۆ کوێ ڕامدەکێشی؟

- میزم دێت.
- جا من بۆ بێم لەگەڵتا.
دەستیم ڕاکێشاو لەباوەشم گرت وتم: بریژێت نامەوێت لێمدووركەویتەوە!.
لەباوەشی گرتم و دەمی نایە ناودەمم بۆ چەند چرکەیەك لێوی یەکترمان مژی.
لەسەر زەوی ڕاکشاین و لەیەکتر ئالاین خێرا یەکترمان ڕووتکردەوە و ئیشەکەمان کردا!.
پاش ئەوەی تەواوبووین دەرپێیەکەمان بەدەستەوە گرتوو بە پێکەنین و خۆشییوە، بە ڕاکردن خۆمان هەڵدایە ناو ڕووبارەکەوە. ڕۆژێکی خۆشبوو تا گەڕاینەوە ماڵ.
ئێوارە درەنگ دەرگەی ماڵمان کردەوە، پشیلەکە خۆی هەڵدایە باوەشی برژێت و لەم سەر بۆ ئەوسەری ماڵ ڕایدەکردو هەڵدەبەزایەوە.
من چوومە ناو حەمام دوشێکم گرت و بە سەرتەڕی هاتمە دەرەوە. برژێتم بینی لە مەتبەخەکە خەریکی پەتاتە سوورکردنەوە بوو. منیش زەلاتەم ئامادەکرد. سەر مێزەکەم ڕازاندەوە.
ئۆرەنج بە چواردەورم دەسووڕایەوە، لە ترسی ئەوەی نەکا لێم تووڕەبووبێت. ڕووم نەدەدپێی.
ئەم بێدەنگییەم زیاتر تووڕەی کرد بوو.
بریژێت وتی: منیش دەچم دوشێك دەگرم، ئینجا

نان دەخۆین.

لە چاوەڕوانی برژێت بووم و بە پەڕۆکێك سەلاجە و تەباخی مەتبەخەکەم پاکدەکردەوە. لەناکاو ئۆرەنج چرنۆکێکی لێگرتم ڕایکردە ژێر قەنەفەکانەوە.

سەیری پێیەکانم کرد، جێگای سێ چوار چرنۆك و خوێنی پێوە دیاربوو.

هاوارم کرد بەسەر پشیلەکە و وتم: لە بیرت نەچێت تۆ دەستت پێکرد. چەند هەفتەیەکیتر لەم ماڵە دەرتدەکەمە دەرەوە.

بریژێت کە لەحەمام هاتە دەرەوە خاولیەکی لەسەرووی مەمکییەوە بەستبوو. گەردنە خاڵدارەکەشی وەك زەردێنەی هێلکە دەبریسکایەوە.

پێکەوە دانیشتین لە مەتبەخەکە دەستمان کرد بەنان خواردن. دەنکە پەتاتەیەك لە دەستی برژێت بەربووەوە سەر زەوی. بریژێت خێرا بە کلینکسێك هەڵیگرتەوە. لەو کاتە بوو برینەکەی سەر پێمی بینی وتی: چیبووە؟ ئۆرەنج چرنۆکی لێگرتووی؟

- پشیلەکەت حەزی بەشەڕە و منیش جاری ئارامم گرتووە.

- دەترسم شەقت تێهەڵدابێت!.

وەڵامی بریژێتم نەدایەوە. بریژێت یەکسەر تێگەیشت کە خەتای پشیلەکەیەتی.

- ببوورە جەی.

- نا ئاساییە...بەڵام باشترە پشیلەیەکی مێی بۆ پەیدا بکەی!.

بریژێت دای لە قاقای پێکەنین وتی: ئەها شەڕەکە لەسەر منە!.

منیش پێکەنیم و وتم: تۆ کاممان هەڵدەبژێری.. ئەم پشیلەیە دەبێت خزمەتی بکەیت و نازی بدەیتێ. کەچی بە پێچەوانەوە من نازت دەدەمێ وزیاترش خۆشمدەوێی.

بریژێت وتی: بەڵام کامتان خۆشەویستی ڕاستەقینەی منن؟

-ئەگەر سەگ بوایە دەمگووت سەگەکە لەمن بەوەفاترە، بەڵام دڵنیابە ئەم ئۆرەنجە سپڵەیە!.

بریژێت دەستی گرتم و ماچێکی ناودەمی کردم. منیش لە باوەشم کرد و وتم: زۆر ماندووم دەچمە ژووری خەو.

دوای ئەوەی سەرکەوتمە ژوور و لە سەر قەرەوێلەکە ڕاکشام، چاوێلکەکەم لە چاو کرد و خۆم سەرقاڵ کرد بە خوێندنەوەی لاپەڕەی گۆڤارێك. زۆری نەبرد بریژێتش هاتە سەرەوە، سەری نایە سەر سنگم و وتی: ڕۆژگارێك دێت مووی سەر سنگت سپی دەبن!.

- هەتا لەگەڵ تۆدا بژێم، هەر بە گەنجی

دەمێنمەوە. شەڕەکەی نێوان من و (ئۆرەنج)ش دەبێتە یادگارییەکی شیرین.

هەر کە ناوی ئۆرەنجم هێنا، پشیلەکە یەکسەر خۆی هەڵدایە سەر قەرەوێلەکەمان.

بریژێت پشتی ملی ئۆرەنجی گرت و فڕێیدایە دەرەوە و دەرگەی ژوورەکەی داخست.

لەبەر ماندووبوونم گۆڤارەکەم لەدەست بەربووەوە خوارەوە.... چاوم چووە خەو.

نیوە شەو گوێم لە دەنگی خشە خشێ بوو. هەڵسام و جوانتر گوێم ڕایەڵکرد.

ئۆرەنج چڕنۆکی لە دەرگەکە دەکرد و میاوە میاوی بوو.

لەژێر دەرگەکەوە بە ئاسپایی وتم: ئۆرەنج دووركەوە!.

ئۆرەنج نەیدەبڕییەوە. هەستم کرد ئۆرەنج دەیەوێ شەوەکەم لێ تاڵ کات. خشە خش و میاو میاوی ئۆرەنجم پشت گوێ خست، گەڕامەوە سەرجێیەکەم و لێی ڕاکشام.

بەیانی زوو کە لە خەو هەڵسام، بەرەو مەتبەخ شۆڕبوومە خوارەوە، قاوەو خواردنی بەیانی ئامادەکرابوو.

- جەی... ئاگات لێیە ئەمشەو ئۆرەنج بە چڕنۆك دەرگەکەی شووختی کردووە؟

- ئەی کوا ئۆرەنج؟
- سزام داوە، لەناو حەمامەکەیە.
- خواردنت بۆ داناوە؟
- بەڵێ.

پاش ئەوەی نانی بەیانیم خوارد، باوەشم بە بریژێت کرد و وتم: ئەمڕۆ زوو بەجێتدەهێڵم. چونکە بڕێك ئیشو کارم هەیە دەبێت جێبەجێیان بکەم.

بریژێت توووند لە باوەشیکردم و وتی: ئازیزم هەفتەی ئایینده دەتبینم.

ئەو چەند ڕۆژەی لەماڵەوە بەتەنیا بووم، هەردەم بیرم لە پلانێك دەکردەوە کە چۆن بتوانم ئۆرەنج لە ماڵی بریژێت دەربهێنم.

شەوانە کە بەتەلەفۆن لەگەڵ بریژێت قسەم دەکرد بە هیچ شێوەیەك لە هەواڵی ئۆرەنجم نەدەپرسی!.

بۆ ڕۆژی شەممە، پلانێکی بچووکم دانابوو، وەك جاری جاران ڕووم لە ماڵی بریژێت کرد.

ئەمجارەیان لە پەنجەرەکەوە پشیلەکەم نەبینی.

زەنگی ماڵم لێدا بریژێت دەرگەی کردەوە، باوەشمان بەیەکتر کرد. بە ڕووخۆشیەوە وتی: وەرە ژوور ئۆرەنج لە ماڵ نییە!.

وتم: ئەی لە کوێیە؟

وتی: بە دیاری بەخشیمە کچێکی برادەرم.
وتم: کەواتە منت هەڵبژارد.
وتی: لەوە دەترسام جەنگەکەی نێوانتان گەورەتر بێت، پلان بۆ یەکتردانێن و یەکتر بکوژن.
- نا، بریژێت... چۆن دڵت دێت وا بڵێی!
- چونکە یەك هەفتەیە بە تەلەفۆن قسە دەکەین هەواڵێکی ئۆرەنجت لێنەپرسیم؟
- ئێستا ئۆرەنجم لە کۆڵ بوەتەوە، ئەمە هەواڵێکی خۆشە.
- منیش بیرمکردەوە دوو پشیلەم بۆ چییە!.
پێکەنیم و دەستەکانی بریژێتم گووشی و ماچم کرد.
بریژێت بە پێکەنینەوە وتی: ڕاستم پێبلێ. چ پلانێکت دانابوو بۆ لەناو بردنی پشیلەکەم؟.
پێکەنیم و لەناو گیرفانم، مشکێکی ڕۆباتم دەرهێنا و قوڕمیشم کرد و بەناو مەتبەخەکە بەرەڵامکرد.
بریژێت لە خۆشیا پێکەنی وتی: پلانێکی جوانە!.
وتم: ئەگەر ئۆرەنج لێرە بوایە وازی لەمن دەهێناو بەدوای ئەم مشکە دەکەوت.
مشکەکەم هەڵگرتەوە و بە قەد لێواری پەنجەرەکەوە دامنا. لە پەنجەرەکەوە ڕووانیمە دەرەوە.

بریژێت لە پشتەوە لە باوەشی گرتم و لێیپرسیم: بیر لە چی دەکەیتەوە؟

پەردەی پەنجەرەکەم داخست و وتم: چیتر نابێت کەس لەم پەنجەرەیەوە بڕوانێتە دەرەوە.

بریژێت هەڵیگرتمە باوەش و نیومەترێك لە زەوی بەرزی کردمەوە ولە نێو پەنجەرەکە دایـنام، بە زەردەخەنەو چاوی پڕ لە عیشقەوە وتی: دانیشە پشیلە بچکۆلانەکەم.

لە یەکتر ئالاین و جوانترین وخۆشترین دڵداریمان گۆڕییەوە!.

## سوێند خواردن!

دەڵێن ئەگەر شەریکی باشبوایە خوا شەرکێکی بۆ خۆی دادەنا. جاران ئەم پەندەم نەدەزانی، بۆیە لە کارێکدا شەریکێکم هەبوو. ئەم شەریکەم لەخوا ترس و نوێژکەربوو. کەچی پاش ئەوەی پارە و داخیلەم لەبەردەستی بەجێهێشت. ڕۆژبەڕۆژ داخیلەکەم کورتی دەهێنا و پارە دیارناما.

ڕۆژێکیان تەڵەیەکم بۆ دانا و کلکی کەوتە تەڵەکەوە. کەچی سوێندی دەخوارد و دەیگوت من دزیم نەکردوە. منیش پێموت: سوێند مەخۆ، داوای لێبوردن بکە و پارەکە بگەڕێنەوە شوێن خۆی با دۆستایەتیمان تێکنەچێت.

- قورئان بێنە دەست دەکەمە بانی کە من بێتاوانم.

- زۆر باشە وادەچم لە مزگەوت قورئانێك پەیدا دەکەم و دەیهێنم.

شەریکەکەم جێهێشت، پەست و بێزار

تووڕەبووبوم و مووی لەشم ڕەپ واستابوون، وەك شێتێك شەقم لە وردە بەردو قووتی سەر جادەکان دەدا. لە کۆڵانەکان تووشی دەیان ڕێبواربووم کەس نە سڵاوی لێدەکردم و نە ئاوڕیشی لێدەدامەوە. چەند کووچە و کۆڵانێکم بڕی تا گەیشتمە بەردەرگەی مزگەوتێك. خۆم پیاکرد.

مەلایەك بەخێرهاتنی کردم و وتی: برا دەڵێیت ڕێگات ونکردوە؟

وتم: مەگەر ئێرە ماڵی خوانییە...هاتوم بۆ کارێکی خێر.

- فەرموو.

- لەگەڵ ناسیاوێکم بووم بەشەریك، ماوەیەکە هەستدەکەم دزیم لێدەکات. ئەمڕۆ لەدزیکردن گرتم کەچی سوێند دەخوات دەڵێت شتی وانییە. لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە دەستبنێت بە قورئاندا و سوێند بخوات. ئینجا وازی لێبێنم.

- کوڕی خۆم سوێند خواردن بە قورئان زۆر دژوارە.

- بۆ مامۆستا؟

- لەبەرئەوەی ئەم قورئانە ئەوەندە پیرۆزە دوورنییە چاوی شەریکەکەت کوێرکات.

- خوا نەکات مامۆستا..شەریکەکەم نوێژکەرە لە خوا دەترسێ باوەڕناکەم دەست بنێتە سەر قورئان،

لێ من دەمەوێت بیترسێنم.

- کەواتە ئەگەر بۆ ترسە، من لەگەڵتا دێم و کاری خێر ئەبێت، ئینشالله دەبنەوە برای جاران. منیش لەوبەینە شیرینیەکم پێدەبڕێت.

- بەسەرچاو ماMۆستا بە بوون و نەبوون من شیرینت دەدەمێ.

ماMۆستا قورئانەکەی لە پەڕۆکێکی سەوز ئاڵاندو پێکەوە بەناو کۆڵانەکاندا ڕێگامان بڕی. ئەو خەڵکەی ڕووبەڕوومان بهاتایە قورئانەکەی بەدەستی ماMۆستا ببینیایە وەك ڕێزلێنان سڵاویان دەکرد و نزایان بۆ خوادەبرد.

لە ماMۆستام پرسی: تووبلێی ئەم شەریکەم سوێند بەم قورئانە بخوات؟

- دوورنییە، کوڕەکەم. ئەگەر کەسێك دزی بکات و لەخوا نەترسێ، بێگومان لە قورئانش ناترسێ!.

- ئەگەر بەدرۆ سوێند بخوات، کوێر دەبێت؟

- مەرج نییە کوێربێت. بەڵام خوا تۆڵەی لێدەکاتەوە. دوور نییە ئفلیجی بکات یان جەرگی بسووتێنێ!.

- نا ماMۆستا من نامەوێت هیچی لێبەسەربێت.

- ئەی چیتدەوێ؟

- بترسێ و داوای گەردن ئازاییم لێبکات و پارەکەم بۆ بگەڕێنێتەوە.

لەپاش نیو کاتژمێر ڕێکردن گەیشتینە ماڵی شەریکەکەم.

ئاوی ساردمان خواردەوە. مامۆستا یەك دو قسەی خێریکرد و لە شەریکەکەم پاڕایەوە کە واز لەسوێند خواردن بهێنێت و کێشەکە وەك برا چارەسەرکەن و بەردێك بنێنە سەری.

کەچی شەریکەکەم بە تووڕەییە دەیوت: مامۆستا، من ئامادەم سوێندبخۆم چونکە فێڵم نەکردووە بەڵکو ئەمە بوختانە لە خۆڕا پەڵپم پێدەگرێ.

منیش وتم: براکەم، ئێستا بەڕاستی ئامادەی سوێند بخۆی؟

- بەڵێ!.

مامۆستا وتی: دەکەواتە بڕۆ دەستنوێژ هەلگرە.

شەریکەکەم لە ژوورەکە چووەدەرەوە.

منیش ڕووم لە مامۆستا کرد و وتم: مامۆستا، ئەوە شەریکەکەم ئامادەیە سوێند بخوات، ئایا تۆ دڵنیای ئەگەر سوێند بخوات شتێکی لێبەسەردێ؟.

- بەڵێ، کوڕی خۆم.

- دەکەواتە، من پەشیمانم و نامەوێت سوێند بخوات و دەیدەمە دەست خوا و ویژدانی خۆی!.

- ئافەرین کوڕم. زۆرباشدەکەی.

شەریکەکەم گەڕایەوە. هەندێك بسم اللەی

خوێند و دەمی تەتەڵەی دەکرد.

مامۆستا پێیوت: پێویست ناکات سوێند بخۆیت. ئەوە شەریکەکەت گەردنی ئازادکردی و هەر برای جارانی.

- نا. ماۆستا، بۆچی گەردنم ئازاد دەکات خۆ هیچم لێنەدزیوە.

- نا مەبەستمان ئەوە نییە، بەڵام شەریکەکەت دڵنەرمبووە و فکری گۆڕیوە. تۆش ناوی خوابێنە دەستکەنە ملی یەك و شان بە شانی یەك وەك دو برا کاری خۆتان بکەنەوە.

لەپاش چای خواردنەوە، من و مامۆستا بە پێ تا مزگەوت ڕۆیشتین.لە ڕێگا زۆر هەوڵمدا مامۆستا شیرینیەکەی لێوەرنەگرتم و دەیووت: تۆ کارێکی جوانت ئەنجامداوە با ئەم کارەم بەخێر بنووسرێ.

کە گەیشتینە بەردەم مزگەوتەکە مامۆستا پێیوتم: فەرموو کوڕم وەرە ژوورەوە کاتی نوێژکردنە!.

- مامۆستا من نوێژکەر نیم!.

مامۆستا هەڵوێستەیەکی کردو قورئانەکەی یەك دووجار ماچکردو وتی: کوڕم بەوەدەچێت تۆ کەسێکی خوێندەواربیت، حەزدەکەم ئەم قورئانە بەدیاری بدەم بە تۆ بەڵکو خوا ئیمانێکت باتێ.

قورئانەکەم لە مامۆستا وەرگرت و بەناو

کۆڵانەکان بەرەوماڵ شۆڕبوومەوە. ڕاستی لە ڕێگا قورئانەکەم کردبووە بن باخەڵم. دوای ئەوەی تووشی چەند ڕێبوارێك بووم سڵاویان لێکردم و لێیان پرسیم: برا گیان. ئەوە قورئانی پیرۆزە لەژێر دەستت ناوە؟

- بەڵێ.

- دەکەواتە جوانتر هەڵیگرە، بیخەرە بان هەردوو لەپی دەستت ئینجا ڕێگە بکە.

قورئانەکەم خستە باندەستم، تا گەیشتمە ماڵ دەیان ڕێبوار سڵاویان ئاراستەکردم و دەنووشتانەوە. منیش قورئانەکەم بەرزتر هەڵدەبڕی تا ترسی خوایان لە دڵدا ببزوێ و ژیانی خۆیان و خێزان و هاوسێکانیان بەخۆشی بگوزەرێنن.

## براکوژی!

لەسەردەمی پێشمەرگەیاتیم لە ناوچەی گەرمیان جارێکیان بە سوکی برینداربووم. ئەگەرچی بۆ تەندروستی لەش وردە ساچمەو پەردەی گوێ تەقین کەم نییە، لێ بریندارییەکم شایەنی ئەوەنەبوو بیکەم بەهاتوو هەرا و پزیشك بهێننە سەرم.

پاش چەند هەفتەیەك بە ئازاری گوێچك و سارێژبوونی برینی ساچمەکان. دکتۆر هادیم بینی، پشکنینێکی خێرای بۆکردم و وتی: وردە ساچمەکانی ناو لەشت هیچ کاریگەرییەکی نابێت، بەڵام بۆ پەردەی گوێچکت باشترە سەردانی نەخۆشخانەی شۆڕش بکەی لە سەرگەڵوو.

لە دوای مانگێك جەولەکردن ڕۆژێك ڕێمان کەوتە سەرگەلوو، لەوێ شۆڕبوومەوە بۆ بەرگەڵوو پزیشکم بینی، وتی: پەردەی گوێچکت لەدەستداوە هیچ چارەیەکی نییە مەگەر بچیتە ئێران لەوێ

چارەسەرێکی بۆ بکەن. منیش لە ژیانما دەرەوەی کوردستانم نەدیبوو. بە هاوکاری پزیشکەکان توانیم لە کەرتەکەم تاخم وچەکەکەم دانێم ومۆڵەتی مانگێك وەرگرم.

پێشئەوەی لە سنوور بپەڕمەوە، لە گوندیك میوان بووم. ئەو ماڵەی لێی مێوانبووم پێکهاتبوو لە دایکێك وکوڕە هەرزەکارێك و کچێکی بچکۆلانە.

لەگەڵ خواردنی نانی ئێوارە، دایکەکە چوو بۆ حەوشە چەند کۆلکە دارێکی بەسەر تاوێرێکەوە دانا، کوڕە هەرزەکارەکەی بە تەور نیشتە سەری و پارچە پارچەی کرد، لەم کاتە هەلم بۆ گونجا لە کچە بچکۆلانەکە بپرسم: کەی باوکت دەگەڕێتەوە؟

- باوکم لە مێژە ڕۆشتووەو نەگەڕاتەوە.

- بۆ کوێ چووە؟

- نازانم دایکم هەر ڕۆژی شتێك دەڵێت ڕۆژێك دەڵێت لەناو بەفردا خنکاوە، ڕۆژێك دەڵێت کەوتۆتە ڕووبارێکەوە!.

- باوکتان نەماوە؟

فرمێسك بەسەرگۆناکانیا هاتە و خـوارەوە و ویستی شتێك بدرکێنێ، بەڵام من بەزەییم پێهاتەوە و لێمپرسییەوە: تۆ لە پۆلی چەند دەخوێنی؟

:- ئەم گوندە قوتابخانەی تیا نییە!.

زەردەپەڕی خۆر لە پشتی چیای گوندەکە ئاوابوو،

کزە سەرمای پاییز بە لەشمانەوە نووسا. دایکەکە بە کوڕە هەرزەکارەکەی وت: وشیار... لە بیرت نەچێت سبەینێ دەبێت بچیت بۆ دارکردن.

- بەڵێ، بەسەر چاو دایکە گیان.

پرسیم: دار بۆ زستان کۆدەکەنەوە؟

- بەڵێ. پێدەچیت ئەمساڵ زستان زووتر میوانداریمان بکات.

-: منیش هەرەوەزیتان دەکەم و سبەینێ لەگەڵ وشیار دەچم بۆ داربڕین.

دایکەکە وتی: بەڵێن بوو، سبەینێ زوو لە چیا ئاوابیت و بگەیتە ئەودیو سنوور!.

- با ببێتە دوسبەی.

شەو داهات دایکی وشیار جێگای بۆ ڕاخستین، گوێم لێبوو کچە بچکۆلانەکە دەیگووت: توخوا دایکە ئەمشەو لێفەکەی باوکم پێدادە.

- بەسەرچاو کچەخنجیلانەکەم.. ئەمشەو پێکەوە دەنووین.

ئەم قسانە ئاگری لە جەرگم بەردەدا... هەستمدەکرد خانووەکە کاریتەی پێوە نەماوە ئێستا نا ئێستا دەڕووخێ بەسەرمدا. خۆم بە تاوانبار دەزانی کە میوانی ئەمماڵەم، چونکە لە منداڵییەوە فێریانکردووم نابێت نانی ماڵی هەتیو بخۆیت. لێ دڵی خۆم بەوە دایەوە کە سبەینێ ئەوەندە کۆلکەدار

کۆبکەمەوە تۆڵەی میوانداریەکەم بکەمەوە.

پێشئەوەی بچمە ژێر جێگاکەم پشتێنە درێژەکەم لە خۆمکردەوە تا بیکەم بەسەرسەرینەکەوە.

دایکەکە لێیپرسیم: کـورِم دەڵـێـی پشتێنی پێشمەرگەت بەستووە؟

- بەڵێ من پێشمەرگەی گەرمیانم.

وشیار بەسەرسورِمانەوە لێیپرسیم: یەکیەتی؟

- بەڵێ..

دوا بەدوای ئەم پرسیارە هەموو بە بێدەنگی لەسەر جێگا راکشاین. وشیار چاوی برِییە بنمیچی خانوەکە و خـەیـاڵ بـردیـیـەوە. منیش ئـەوەنـدە مانووبووم بە داخستنی پێلوی چاوم خەو ژیانی لێسەندمەوە.

بەری بەیان لەگەڵ خوێندنی کەڵەشیرو بارِە وقارِەی مەرِو ماڵاتی ئاوایی بێداربوومەوە.

خواردنی ژەمی بەیانی ئامادەکرابوو، وشیارم بینی تەورەکەی بە هەسان تیژ دەکرد. دایکەکە رِووی لەمن کـردو وتـی: تکام هەیە نەچیت بۆ داربرِین و ئێستاش کاتت هەیە بەرِێبکەویت بەرەو سنوور.

- نەخێر، من بەڵێنم پێداون دەبێت بەشی ئەم زستانە کۆلکەدارت بۆ بکێشمەوە.

- نا تکا دەکەم، ئەزێت مەخۆ.

لەم کاتە وشیار بانگی کردم و وتی: فەرموو با بەڕی بکەوین.

وشیار تەورێك و گوریسێکی دایە دەستم، پێکەوە لە دەرگـەی ماڵ دەرچووین..ڕێچکە باریکەڵان و گردەکەی ئاواییمان بڕی و لە داربەڕووەکانی سەر چیاکان نزیك بووینەوە. ئەو مـاوەی بە ڕێگەوە بووین گفتوگۆیەکم لەگەڵ وشیارکرد.

- وشیار لە مێژە باوکت مردووە؟

- پێنچ ساڵ دەبێت.

- دەزانـم بێباوکی ناخۆشە..بەڵام چی بکەین لەگەڵ مردن هیچ ناکرێت.

- من خەمی دایکم و خوشکە بچکۆڵانەکەمە.

- تۆ گەورەی ماڵیت، دەتوانی هاوکاری دایکت بکەیت.

- هیچ کەس جێگای باوکم ناگرێتەوە، ئەو بۆ من وەك هاوڕێیەك بوو، بۆ خوشکەکەشم منداڵێك بوو هەمیشە گەمەی لەگەڵ دەکرد. ڕێزی دایکمی دەگرت و خۆشیدەویست...

وتم: وشیار، دەزانـم باوك وەك شوانێك وایە خەمی کۆرپەکانییەتی، بەڵام لەبیرت نەچێت دەڵێن منداڵ بەبێ دایك هەتیو دەبێت بەڵام بێ باوك کە گەورە بوو دەتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ. ئەوە نییە ئێستا تۆ کاری ماڵەوە ئەنجامدەدەیت.

- ئەو قسانە کۆنن، هەرشت بەجیی خۆیی. من باوکێکم لە دەستچووە هەرچی باوك هەیە دەیبینم لە باوکی من ناچێت. کەسیش ناتوانێت شوێنی پڕکاتەوە.

کاتێك گەیشتینە نزیك لووتکەی چیاکە، بە وشیارم وت: دەڵێی زۆر هاتووینە، ئەو هەموو بنەدار و چیلکانە هەبوون بۆ کۆتنەکردەوە.

- خەمت نەبێت لە پشتی ئەو شاخەوە دەست بەکاردەبین.

- من بە قسەی تۆ ناکەم، لێرەوە دەست بە دار بڕین دەکەم.

لەکاتی بڕین و کۆ کردنەوەی کۆلکەدارەکان ئاگام لێبوو وشیار بە چواردەورم دەسوڕایەوە و بە خەمساردییەوە دارەکانی دەبڕییەوە.

لە کاتێکدا کە نەمدەزانی چ بیرۆچکەیەك مێشکی وشیاری سەرقاڵ کردوە، لەپڕ گوێم لە هاوار و بانگکردنی دو ژن بوو. لەگەڵ وشیار سەرمان هەڵبڕی. بینیمان دایکی وشیار و پیرژنێکیتر بەرەو ڕوومان دێن.

وشیار لەجێگای خۆی بە چوارمشقی لێدانیشت و بەسەرسوورِمانییەوە لە ژنەکانی دەڕوانی. منیش بەرەو پییریان چووم.

کە گەیشتنە تەنیشتم. دایکی وشیار نیگەران و

پەشۆکاوبوو. پییوتم: کوڕی خۆم، تۆ لەگەڵ پوورە (هەمین ) بگەڕێوە بۆ ئاوایی.

پورە هەمین دەستی گرتم، وتی: خێراکە بابڕۆین.

سەرمسووڕمابوو، وتم: چیبووە؟

دایکی وشیار: تۆ بڕۆ من و وشیار دار دەبڕینەوە.

پورە هەمین: لە ئاوایی،قاچاخچییەکی لێیە چاوەڕوانی تۆ دەکات.

دایکی وشیار تەورو گوریسەکەی لێسەندم، وتی: خێرا ئێرە جێبهێلە.

لەگەڵ پوورە هەمین شۆڕبووینەوە بۆ ناو ئاوایی. ئاوایی چۆل و هۆل بوو. وتم: کوا قاچاخچی؟

- تۆ وەرە لەگەلم.

بەپاڵ چەند خانوویەك تێپەڕین گەیشتینە ماڵی پوورە هەمین، لە دالآنەکەی ژێر پلیکانەکەوە تورەگەیەکی پڕ لەخواردن کرد و پییگووتم: کوڕی خۆم وا باشترە ئەم گوندە بەجێبهێڵی. ئەم کەمە خواردنەشم بۆ داناوی بەشی ڕێگات دەکات.

واقم وڕمابوو، لەدڵی خۆمدا وتم لەوەبێت جەیش و جاش هەڵکوتنە سەر ئەم گوندە بۆیە دەیانەوێ لێرە بڕۆم.

- پووری گیان، توخودا ئەگەر پێمنەڵێیت چیبووە، بۆ بەپەلە دەتانەوێت ئێرە جێبهێلم؟

پورە هەمین هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی: ئەلحکمولیللا..باوەنەکەم. ئەو کوڕە جوانەی لەگەڵی چوویتە بۆ دارکــردن، باوکی لە شەڕی براکوژی قەندیل کوژراوە. ئەم کوڕەش ڕق و کینە لە ناخیا شینبوە، سوێندی خواردووە تۆڵەی باوکی بکاتەوە. بۆیە من و دایکی وشیار بەخاردان هاتین تا لە ئەنجامدانی ئەم کردەوەیە ڕزگارت کەین.

بەخەمێکی قورسەوە وتم: پێمناخۆشە ئەم خێزانە جوانە باوکیان لەدەستداوە. بـەڵام ئێمە چیمان پێدەکرێت؟!.

- لەدەوری سەری دایکت بگەڕێم.. هەتا چەك هەبێت جەنگش بەردەوامدەبێت. نەتبیستووە دەڵێن چەك دوژمنی ئینسانە. ئەگەر چەکداربیت دەبێت یان بکوژی یان بتکوژن. ئەگەر خودا یەك تاقە کۆرپەی بە نسیبم بکردایە هەرگیز نەمدەهێهێشت دەست بەچەکەوە بدات!.

دەستی پـوورە هەمینم ماچکرد و ماڵئاواییم لێکرد. بەقەد پاڵ چیای گوندەکە سەرکەوتم بۆ ناو دارو دارستانێکی چڕوپڕ، لە دوورەوە ئاوڕێکم لە گوندەکە دایەوە...زۆر بچکۆڵانە دەهاتە بەرچاوم، کەچی تا ئێستاش بەسەرهاتی ئەو خێزانەم لە مێشکدا بە گەورەیی دەزرینگێتەوە و ناسڕێتەوە!.

# چەپەوانە!

بەیانییەکیان چوومە ناو باخچە بچکۆڵانەکەم تا هەرچی درك و توترکی بێفەڕ هەیە بیانڕنم و نەمامەکان ئاوبدەم. لەناکاو هەستم کرد دەستی ڕاستم لەکار کەوتووە ناتوانم نەداسی پێبگرم و نە درکێکی پێهەڵکەنم. دەستم بێهێزببوو هەر وەك لقە دارێك نووسابوو بەلەشمەوە. دەستی چەپم تاقیکردەوە تین و توانای مابوو، بەڵام نەیدەتوانی کارەکانم بۆ ئەنجامبدا. چونکە هەمیشە پشت گوێم خستووە و بەکارم نەهێناوە.

لە بیرمە سەردەمی منداڵیم لەگەڵ منداڵێکی چەپەوانە بەردمان دەهاویشت بەردەکەی ئەو زۆر دوورتر دەکەوتەوە. لەو سەردەمە ئەو هۆش وبیرەم نەبوو، منیش هەوڵێك لەگەڵ دەستی چەپم بدەم. هەروەك خەڵکی بێ بیرکردنەوە دەستی ڕاستم بەکار هێنا و بووم بە ڕاستەوانە. کەسانێکش هەبوون گاڵتەیان بە چەپەوانەکان

دەکرد دەیانگووت: کچانەن!.

لە قوتابخانەش مامۆستاکانمان ئەگەر قوتابییەك چەپەوانە بوایە بە دار دەست و پەنجەی سوور دەکردەوە. مامۆستاکەمان دەیگووت: ئامێرەکانی ژیان بۆ دەستی ڕاستە دروستکراوە و هەوڵدەن بە ڕاستە بنووسن.

کە گەورە بووم زۆرم شتم بینی بۆ دەستی چەپ دروستکرابوون، بەڵام ئەو شتانە ناوازە و جوان بوون.

بۆ نموونە:

ڕۆژێکیان لەناو باخچەی شارێك کچێکم بینی گیتارێکی لەباوەشگرتبوو بەدەستی چەپی خۆشترین مۆسیقای دەژەنی.

لاوێکم بینی دەستی چەپی لەگەردنی سپی دەزگیرانەکەی ئاڵاندبوو و ماچیدەکرد، گوستیلەی پەنجەی دەبریسکایەوە!.

ئەگەر زۆربەی مرۆڤەکان ڕاستەوانە بن، بێگومان زۆربەی تاوانەکانش ڕاستەوانەکان ئەنجامی دەدەن!.

لەبەر ئازاری دەستی ڕاستم سەردانی پزیشکم کرد و پێمگووت کە دەستی ڕاستم لەکار کەوتووە و چارەسەرێکم بۆ بکە؟.

پزیشکەکە وتی:- پەنجا ساڵە دەستی ڕاست

بەکاردەهێنی بێگوومان لەکار دەکـەوێـت. ئایە هەستناکەیت ئەندامەکانی تری لەشت بێهێز بووبن و گۆڕانیان بەسەرداهاتبێ؟.

خەندەیەك كەوتە سەرلێووم.

پزیشکەکە وتـی: شەرمی ناوێ دوورنییە ڕۆژێك لەخەو هەڵسی ئەژنۆکانت لەکار بکەون. ئەوسا ناتوانی یەك هەنگاو هەڵبڕی. ئێستا دەرزییەك لەناو لەپی دەستی ڕاستتدەدەم بۆ ماوەیەکی کەم چاکدەبێتەوە، بـەڵام هەرگیز وەك جارانی لێنایەتەوە....هەوڵبدە لەمەودوا دەستی چەپ بەکار بهێنە!

- دکتۆر... لە بەر ئەوەی لە منداڵییەوە دەستی چەپم بەکار نەهێناوە، لەم تەمەنەش هەرچەند دەکەم ناتوانم بەجوانی بەکاری بهێنم.

-: پێویستی بە مەشقکردنە، ئامۆژگاری هەموو دۆست وبرادەرێکشت بکە کە مەشق بە دەستی چەپیان بکەن.

لەوساوە مەشق بەدەستی چەپم دەکـەم، لی هەرگیز لەم تەمەنی خەزانەم فریای ئەوە ناکەووم وەك گەنجێك ڕایبێنم دەست لەگەردنی یارم بکات و نامەی دڵداریم بۆ بنووسێ و هەموو شتێك واژوو نەکات!.

# ساتێك لە مەرگی جیهاد دڵپاك!

زۆربەی ئێواران لەگەڵ برادەرێکی ئازیزم لە بارێکدا مەست دادەنیشین و دوو پاکەتی جگەرەی دانیاڵیش دەکێشین.

لە گۆشەیەکی بارەکەش مامۆستا ( جیهاد دڵپاك ) مان دەبینی و بە تاقی تەنیا دادەنیشت و جگەرە لە سەر جگەرە دەکێشا و ئاوێتەی خەمەکانی دەبوو.

ئێوارەیەکیان برادەرەکەم لێیپرسیم: تۆ جیهاد دڵپاك دەناسی؟

منیش وەڵامیمدایەوە: دوور بە دوور دەیناسم.

: ئەی بۆنایەیت بە یەکترتان بناسێنم؟!

وتم: نا، حەز دەکەم هەر لەدوورەوە بیناسم.

: دەزانیت ئەویش سەردەمانێك لە رەحیماوە ژیاوە؟

: بەڵێ.

: دەبا بچینە سەر مێزەکەی و لەنزیکەوە بیناسی.

: گوێ بگرە، هەستدەکەم ئەم ئێوارەیە دوا ساتی ژیانیەتی..ئەم ئێوارەیە جیهاد دڵپاك دەمرێت!.
: مەست بوویتە، بەچی دەزانیت دەمرێت؟
: ئەگەر کاك جیهاد پاکەتی جگەرەکەی بەتاڵ بوو دەمرێت!
: واتە دوا جگەرە بکێشێ دەمرێت؟
: بەڵێ، دوا مژ لە دوا جگەرەی بدات دەمرێت.
بەم شێوەیە من و برادەرەکەم پێکمان هەڵدەداو جگەرە لەسەر جگەرەمان دەکێشا چاوەڕوانی مەرگی مامۆستا جیهادمان دەکرد.
زۆری پێنەچوو کاك جیهاد دوا جگەرەی لە پاکەتەکەی دەرهێنا و بە چەرخەکەی دایگیرساند. پاشان پێکە ویسکیەکەی هەڵداو بە بێ مەزە ساتێك هەناسەی لە خۆی بڕیی، مژی لە جگەرەکەی دا. هەرکات قومی لە جگەرەەکەی بدایە سەیرێکی دەکرد دەیویست بزانێت تەمەنی چەندی ماوە!.
برادەرەکەم وتی: دەبینی چۆن لە جگەرەکەی دەڕوانێ؟
: ئارام بگرە ئێستا دەبینی چۆن لار دەبێتەوە سەر مێزەکەی بەردەمی.
: ئەگەر تۆ دڵنیایت دەمرێت با بەگارسۆنەکە پاکەتێ جگەرەی بۆ بنێرین.
: تۆ شێتی هەر کەس بە شێوەیەك دەبێت

بمرێت، ئێمە بۆمان نییە پێش لە مەرگ بگرین.

برادەرەکەم وتی: مردنی چی؟ مەگەر هەموو ئێوارەیەك كاك جیهاد نایەت بۆ ئەم بارِەو دخواتەوە و جگەرەش دەكێشێ و بەسەلامەتیش دەگەڕیتەوە ماڵ.

: ئاخر ئەم ئێوارەیە جیاوازە..نابینی لە جیاتی قاپوتە ڕەشەکەی چاکەتە سەوزەکەی گیڤارای لەبەردایە!.

-- بۆ ئەو چاکەتە چییە؟

وتم: ئەوە چاکەتەکەی شەهید ئەنوەری برایەتی؟

-- تۆ شەهید ئەنوەری برایت دەناسی؟

: ئەویشم لە دوورەوە دەناسی!

-- دەپێمبڵێ چۆن ئەم بنەماڵەیە دەناسی؟

: بەداخەوە هەمویان لە دوورەوە دەناسم. ڕۆژێك نەچووم لە نزیکەوە بەشداری خەمیانبم.

-- چۆن دەیانناسی؟

وتم: منداڵ بووم لە ڕەحیماوا قوتابخانە نەبوو، ماڵی جیهاد و شەهید ئەنوەر خانوەکەیان چۆڵ کرد بۆ منداڵانی ڕەش و ڕووتی رەحیماوا تا فێری خوێندنبن.

-- کامە خانوو ماڵی ئەوان بوو؟

وتم: ئەو پاساژ و تەلارەی بەرانبەر ( موزەفەر

حەلاق ). ئێستا نازانم کێ خاوەنیەتی؟

: سەیرە ئەو پاساژە ئێستا لە کڕین نایەت، کەچی سەردەمانێك ماڵی شەهید ئەنوەر و جیهاد دڵپاك بووە.

وتم: لەوەش سەیرتر ئەوە یە..کاك جیهاد دوا مژی لە جگەرەکەی دا...

: دوا جگەرەی کێشا و نەمرد.

: پەلە مەکە.

لەم کاتە مامۆستا جیهاد دەست و پێی کەوتە لەرزین.. زنجیری چاکەتەکەی داخست و خۆی گرمۆلە کردەوە.

برادەرەکەم هاواری کرد: ئەوە خەریکە قسەکەت دێتەدی. هەڵسە با فریای بکەوین.

پاکەت و شقارتەکەم لەسەر مێزەکەی خۆمان هەڵگرت و چووین بۆ لای کاك جیهاد.. بینیم لەسەرما ددانەکانی هەڵدەلەرزین..

جگەرەیەکم لە پاکەتەکەم دەرهێنا و خستمە دەمیەوە ئنجا بە دەنکە شقارتەکەم جگەرەکەم بۆی داگیرساند. دوکەڵی جگەرەکەی هەڵمژی لە سییەکانی دەرینەهێنایە دەرەوە. پاشان مژی دووەمی لە جگەرەکەدا دووبـارە دوکەڵەکەی هەڵمژی و لە سینگی پەنهانیدا. پاکەت و شقارەتەکەم لەسەر مێزەکەی دانا و بەجێمانهێشت.

بیست و پێنج هەزاردینـاری سـوورم لەسەر مێزەکەی خۆمان دانا و دەستی برادەرەکەم گرت و لە بارەکە هاتینە دەرەوە.

برادەرەکەم وتی: ئەوە چیبوو بۆ قسەت لەگەڵ نەکرد؟

: مامۆستا جیهاد ئەمشەو دەیەوێ خۆی بکوژێ!

: ئەی چۆن ئێمە بتوانین یارمەتی بدەین.

: ئێمە ناتوانین دەستکاری چارەنوسی مرۆڤ بکەین.

: تۆ مندالی رەحیماوەی..ئەوها پاداشتی دەدەیتەوە.

: من پاداشتی ئەو بنەماڵەیەم پێنادرێتەوە.

: ئەی ئێستا چیبکەین بۆ کوێ بچین؟.

وتم: دەچینەوە ماڵ و دەنوین..سبەنێ زوو لەخەو هەڵدەستین..لە ڕادیۆ گوێدەگرین هەواڵی مەرگی جیهاد دڵپاك دەبیستین.

ئەو شەوە بە سەرخۆشی لەگەڵ برادەرەکەم گەڕاینەوە ماڵ، لەسەر جێگا ڕاکشام و تووشی سەریەشەیەکی قورس ببووم و خەو نەدەچووە چاوم. لە تێنویەتیا پەرداخێ ئاوی ساردم خواردەوە.... کاتێك چاوم بە برادەرەکەم کەوت لە شیرینی خەودا بوو، پرخەی دەهات. منیش لەدڵی خۆمدا وتم: ئەم ئێوارەیە زۆرمان خواردەوە وخەراپ سەرخۆشبووین!.

## ژیان بە ڕەنگەوە جوانە!

ڕۆژێکی گەرمی هاوین لەگەڵ کۆمەڵێ برادەر بۆ سەیرکردنی پیشانگەیەك چووین. پێش ئەوەی بگەین بە گەلەرییەکە ئاواتمان دەخواست هۆڵەکە سپلیت یان موبەریدەی تیابێت تا کەمێك فێنك بینەوە.

یەکەمجار بوو بۆ سەیرکردنی تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە بچم، کە نازناوی (جانۆ) بوو.

پێشئەوەی بگەینە گەلەرییەکە برادەران بە پێکەنینیەوە وەسفی تابلۆکانیان بۆ کردم و دەیانوت: ئێستا دەچین ئاسمان دەبینین، هەورەکان باڵدەگرن و کۆچدەکەن.

- چییە، گاڵتە بەم هونەرمەندە دەکەن؟

- پێویست ناکات بچیت بۆ پیشانەگەکەی چونکە بابەتەکانی ئاشکران وێنەی هەورەکان دەکێشێ.

- وادیارە ئێوە لە سەیرکردنی تابلۆکانی بێزار بوونە، لێ من حەزدەکەم لە نزیکەوە بیبینم.

- زۆرباشە، بەڵام کە خۆرئاوابوو لەبیرتان نەچێت دانیشتنێکی بۆ بکەین.

- خەمی خواردنەوەتان نەبێت، ئەم ئێوارەیە بەسەرخۆشی دەڕۆینەوە ماڵ.

کاتێ کەیشتینە گەلەرییەکە و جانۆم بینی. مرۆیەکی بالآبەرز و تازە سەردەمی لاوییەتی لەرووخساردا وەریبوو. سمێلێکی ستالینی بەردابووەوە، قژخاوو چەنەگەیەکی پانی هەبوو. بینەرێکی زۆرش ئامادەبوون. بەڵام هیچ کەس لەوانە سەرقاڵی سەیرکردنی تابلۆکان نەبوون، بەڵکو یەك بەدوای یەك ڕیزیان بەستبوو داوایان لە جانۆ دەکرد کە وێنەیان لەگەڵ بگرێ. هۆڵەکە ئەوەندە گەرم و تەنگبوو نەتدەتوانی هەناسەی تیابدەی. ئارەقە بەناوچەوان و بن باڵمان شۆڕدەبووەوە خوارێ.

جانۆ تابلۆکانی بەیەك ئەندازە دروستکردبوو، دیواری هۆڵەکەی بە ڕەنگی شین داپۆشیبوو. فیگەری تابلۆکانشی بریتیبوون لە کۆمەڵێ هێلکاری کە وێنەی هەموو جۆرە هەورێکی لەخۆ گرتبوو.

ئەگەر لەدووره سەیرتبکردایە هەستتدەکرد بابەتەکانی یەکجۆرن، بەڵام وانەبوو دەبوایە وردتر بڕوانی یەکسانی و لاری و هێمای هێڵەکان

بدۆزیتەوە تا لەناو تەمی هەورەکان چاوت بە هەوری ڕەش و قورس و شێدارەکان بکەوتایە. یان ڕەنگی هەورە سپییەکان کە ئاسمان لە ئامێزی گرتبوو جوودا بکەیتەوە. هەستمکرد ئەم هونەرمەندە جگە لەوەی چاوەکانی وەك هەڵۆیەك تیژن مێشکشی لەگەڵ ئاسمان تێکەڵاو کردووە.

بە برادەرەکەم وت: وێنەکانی شاکارن، بۆچ تا ئێستا نەمناسیوە.

بە پێەکنینەوە وەڵامیدامەوە:- جا منیش ئەوەندە چاو لەئاسمان ببڕم، وێنەی وادەکێشم کە باران ببارینێت.

پاشئەوەی هۆڵەکە کەمێك چۆڵتربوو، لەگەڵ جانۆ یەکترمان ناسی. لێیپرسیم: تابلۆکانت بەدڵ بوو؟

- سەرنجیان ڕاکێشام و هەورەکانم جوانتر بینی.

- ئەو خەڵکە لە ستایلەکەم بێزاربوونە. بەڵام من حەز بەم جۆرە کارانە دەکەم.

- تۆ بۆ خۆت چۆنت پێخۆشە وابکە.

برادەرێك وتی: ئەم جانۆیە ئەوەندە سەیری ئاسمان دەکات ڕۆژێك دێت پێی بە بەردێك ساتمە دەکات بەردەبێتەوە.

- ئاخر بۆیە منیش لـەزەوی بێزارم و ئاسمان

بەخاوێنی دەبینم، خۆزگە ڕۆژێك بفڕیمایە و تێکەڵ بە هەورەکان بوومایە!.

لێمپرسی: جانۆ تا ئێستا سواری فڕۆکە نەبوویت؟!.

- نەخێر. لە منداڵییەوە ئارەزووم دەکرد بفڕم تا ڕەنگی هەورەکان لە نزیکەوە ببینم.

- جانۆ گیان، چەندین ساڵە لە ئەوروپا دەژیم و سەردانی زۆربەی گەلەرییەکان دەکەم تابلۆکانی تۆ ناوازەن و شایەنی ئەوەن بینیریتە دەرەوە و پیشانگەیەك بکەیتەوە.

- مەگەر بە هیمەتی تۆ، کەس لێرە هاوکاریمان ناکات.

- بەبان چاو...ئەوە من وێنەی تابلۆکانت دەگرم و لە گەلەرییەکانی (هۆلەندا) هەوڵێکت بۆ دەدەم.

پاش ئەم گفتوگۆیە، لەگەڵ برادەرکانم گەلەرییەکەمان جێهێشت. لە دوکانی ( جۆرجیسی) مەیفرۆش، بیرە و ویسکی و چەند مەزەمان کڕی بە تاخمی تەواو بۆ سەر گردی پیرۆز ڕۆشتین.

ئەو ئێوارەیە تا مەستتر دەبووم تابلۆکانی( جانۆم) لەزەین ڕۆشنتر دەبینی، خەونەکانی جانۆش بە ئاسمانەوە لەدڵم ببوون بەگرێ.

دوای چەند هەفتەیەك گەڕامەوە ئەوروپا، پێشئەوەی سەرقاڵ بم بە بەرنامەی ژیانم

وێنەکانی جانۆم بەچەند گەلەرییەك پیشاندا. زۆربەیان پێیان باشبوو و ئامادەبوون پیشانگەی بۆ بکەنەوە و تابلۆکانی بۆ بفرۆشن.

بەکورتیەکەی پاش چەند مانگێك فیزەو تکیتی جانۆی هونەرمەندم ئامادەکرد. بەڵێن بوو بەخۆیی بیست تابلۆوە سەردانیمان بکات.

جانۆ پێشئەوەی سواری فرۆکە بێت بەتەلەفۆن قسەمانکرد، بێگومان زۆر دڵخۆشبوو دەیگووت: لە منداڵییەوە سەیری ئاسماندەکەم و وێنەی هەورەکان دەکێشم، ئاواتم بوو رۆژێك دەستم بگات بەهەورەکان. چەند خۆشە لەناو فرۆکەکەوە هێلکاری دەکەم و لە نزیکەوە دەیانبینم، تۆڵەی ئەو هەموو ساڵە دەکەمەوە کە تائێستا لەژێر هەورەکانەوە وێنەم کێشاوە.

- جانۆ گیان، دڵنیام تۆ جوانتر لە هەمووکەس هەورەکان دەبینی و ئاسمان لەئێمە باشتر دەناسی، کە لە فرۆکەخانە دابەزیت بەدیدی خۆت وەسفێکی ئاسمانمان بۆ بکە!.

بەم شێوەیە بە دڵخۆشییەوە لە پاش چوار پێنج کاتژمێر فرۆکەکەی جانۆ لە (وسلدۆرف) نیشتەوە.

لەپشتی شووشەو ئاوێنەکانەوە جانۆم بینی و بەدەست هێمام بۆ کرد و ئەویش بە مۆنییەوە وەڵامی دامەوە.

جانتاو تابلۆکانمان لە فرۆکەخانە هەڵگرت و ڕۆشتین بەرەو ماڵ..لە ڕێگا هەستمکرد جانۆ خەمبار و دڵتەنگە. وتم لەوەبێت لە گەشتەکەی ماندوبووبێت.

لێمپرسی: ئێستا ناتەوێت باسی ئاسمانم بۆ بکەیت؟.

وەڵامینەدامەوە.

- چیببوە؟ بۆ واداماوی؟

- هیچ شەو بۆت باسدەکەم.

لەگەڵ خواردنی جەمی ئێوارە جانۆ بتڵێك شەرابی ئیتالی لە جانتاکەی دەرهێناو پێشکەشی کردم.

خێرا بتلەکەم هەڵپچراند و لەناو دو پەرداخ دەستمانکرد بە خواردن و خواردنەوە.

پاشئەوەی کەمێك سەرمانگەرم بوو، دەمویست لە جانۆ بپرسم: کە بۆچی وا خەمبارە. سەری وتەکانم بەمجۆرە کردەوە: جانۆ گیان ئەم چەند هەفتەیەی لێر دەبیت هیوادارم بێدڵی خۆت نەکەیت. سبەینێ دەچینە گەلەرییەك کە چاوەڕوانمان دەکەن. پاشئەوە دوەم گەلەری لە شارۆچکەیەکی تریش هەیە چاوەڕوانمان دەکات.

جانۆ قومێکی لە شەرابەکەدا رەنگە سوورەکەی بە سمێلەکەیەوە سڕی و لەوپەڕی بێهێزی و بێوورەییەوە وتی: ئای برادەر گیان چەندە تۆم ماندوکردا!.

- خەمی منت نەبێت..هێشتا لە نیوەی ڕێگەکەین.. با پیشانگەکەت بکەینەوە ئەو کات دڵخۆشتر دەبین.

لەم کاتە هەستمکرد جانۆ مەست و خامۆشە، پێڵووی چاوەکانی وەك پـەردەی شانۆ داخست و نەکرایەوە.

- چییە؟ جانۆ گیان خەوت دێت؟

- نەخێر خەوم نایەت...بەڵکو لە بیر کردنەوەیەکی قووڵدام.. خنکاوم، هەستدەکەم مەلە نازانم تا خۆم ڕزگار بکەم.

- پێمبلێ، بۆ گۆڕاوی؟ لە گەشتەکەت پەشیمانی؟

- نەخێر ئەم گەشتە ژیانمی زیندوو کـردەوە. ئاسمان و هەورەکانم لە نزیکەوە بینی.

- خۆشبوو؟

- ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، خۆزگە هەر لەمنداڵییەوە چۆنم دەڕوانی بۆ ئاسمان ئەوها بوایە، ئێستا، پاشئەوەی ئاسمان و هەورەکانم بینی بەدیدێکی تر دەڕوانم.

- چۆن دەڕوانی؟

- کاتێ زەوییم لێ ونبوو و تێکەڵ بەئاسمانبووم. لە پەنجەرەی فڕۆکەکەوە دەمڕوانییە هەورەکان کە چۆن کۆچدەکەن..یان لە هەندێك شوێن هەورەکان دەتووت تۆپەڵە بەفرن بەسەر چیاوە، ئەو کاتانەی تیشکی خۆر بەر هەورە سپییەکان دەکەوت ڕەنگی

زەرد دەبریسکایەوە. چاوەکانم بەرگەی بینینی هەورو تەم ومژەکانی ئاسمانی نەدەکرد. ئەو وێنەیەی چڵ ساڵە لە خەیاڵمدا کێشابووم هەموویم بە هەڵەزانی، دووربوون لە ڕاستی و ناوەڕۆکی تابلۆکانم!.

- بێگوومان لە نزیکەوە جوانتر شتەکان دەبینی!.

- نەك جوانتر، بۆمدەرکەوت کە ئێمە تا لەسەر زەوی بین بە هەڵە دەژین. پێویستە بفرین ئاسمان ببینین، گەشتێك بکەین بۆ ئەستێرەکان چونکە دڵنیام ئەستێرەکانش لە نزیکەوە جیاوازن.

تا نیوە شەو گوێم لە جانۆ گرت کە وەسفی هەورو ئاسمان و تەم و مژی ژیانی بۆ کردم. ئەو شەو هەردوکمان بە مەستی خەومان لێکەوت.

بەیانی زوو لەگەڵ زرموکوتی جانۆ بێداربوومەوە. دەنگەکە لەناو گەرماوەکەوە بوو. دەنگی خوڕەی ئاو دەهات. وامزانی جانۆ دۆش دەگرێت.

بەڵام پاش ئەو هەموو زرموکوتە و هاوارکردنە، دەرگەی گەرماوەکەم کردەوە و وتم: جانۆ؟ تۆ باشی..

لەگەڵ کردنەوەی دەرگە جانۆم بینی بە چەقۆیەك یەك یەك تابلۆکانی بەدەستەوە دەگرێت و دەیدڕێنێ. بە ترسەوە دەستیمگرت و وتم: ئەوە چیدەکەیت؟

- دەستم بەردە ئەمانە تابلۆی من نین... نابێت کەس بیانبینێ.

- زۆرباشە، دەتۆ چەقۆکەت فڕێدە.

جانۆ چەقۆکەی بە ئاسپایی دایەدەستم سەریخستە سەر ئەژنۆی و یەك بەدنیا هاواری لێ هەڵسا.

پارچەی تابلۆکانیم کۆکردەوە و فڕێمدایە دەرەوەی گەرماوەکە. گەرماوەکەم پاککردەوە. بە جانۆم وت: برادەر گیان. خۆت ئازارمەدە. تا من خواردنی بەیانی ئامادەدەکەم تۆ دوشێك بکە.

جانۆم بە تەنیا لە گەرماوەکە بە جێهێشت، نزیك نیو کاتژمێر هیچ دەنگێ لە گەرماوەکە نەدەهات. پاشان گوێم لە خۆشۆرینەکەی بوو.

دوای دە خوولەکێك لە گەرماوەکە هاتەدەرەوە بە بێدەنگی چایەکی بۆ خۆی تێکرد و نانە گەرمەکەی لە ماستەکە کردو وتی: زۆر حەز بە خواردنی بەیانیان دەکەم.

وتم: منیش حەز بەژیان دەکەم.

بەلاچاوێکەوە سەیریکردم. وتی: بمبوورە کە ناتوانم تابلۆکانم هەڵواسم و سەردانی گەلەرییەکان بکەین.

- زۆرئاساییە..چۆن حەزدەکەیت وادەکەین.

- لەوەبێت دوێنێ شەو بەمەستی هەندێك شتم بۆ درکاندبێت، بەڵام ئێستا لەوپەڕی بە ئاگاییەوە دەمەوێت پێتبلێم: کاتێ هێلکاری و نیگاری هەورو

ئاسمانم دەکێشا لە شوێنێکی خەراپدابووم، کە شوێنەکەم گۆڕی و سواری پشتی هەورەکان بووم.. لە ئاسمانەوە ڕوانیم هەستمکرد دەبێت سەر لەنوێ وێنەی هەورەکان بکێشمەوە.

- برادەر گیان، منیش ئەوەم لەتۆ دەوێت.

- بەوشێوەیەی کەهەن نەك بەو شێوەیەی کە لە یەك گۆشەوە دەمبینی.

- چاوەڕوان دەبم!.

- نـازانـم... ئـەم چەند هەفتەیەی لێرە دەبم چیبکەم؟

بە پێکەنینەوە وتـم: ئـەم چەند هەفتەیەی لـێـرەدەبـیـت، لـە هــەزارەهـا گــۆشــەوە دەتــوانــی سەیری ژیان بکەیت. سەیری ڕێگاوبانەکان بکە، سەیری درەخــت و پارکەکان، سەیری ژنـە ئـازاو ئیشکەروجوانەکان بکە.

جانۆ وەڵامیدامەوە: ڕاستدەکەیت لە منداڵییەوە شتەکان بەخەیاڵ دەبینین و دەبیستین، با بڕۆینە دەرەوە ژیان ببینین.

وتـم: با بڕۆین برادەرگیان، ژیـان بە ڕەنگەوە ببینین.

وتی- ڕاست دەکەیت برادەرگیان، ژیان بە ڕەنگەوە جوانە!.

## نانی سووتاو!

لە سالانی هەشتاکان لە یەکێك نانەواخانەکەی رەحیم ئـاوا شاگردبووم. وەستاکە منی لەسەر داخیلەکە دانابوو. ڕۆژێکیان مێردمنداڵێك هات و وتـی: کوڕەکە پێنج نانم بەرێ.

لە کاتێکدا نانەکانم دەژمارد بینیم منداڵەکە بە چاوی پڕ لە فرێسکەوە دەست دەکات بە گیرفانەکانی و لە پارەکەی دەگەڕێت.

-.پارەت پێنییە؟

- روبعە دینارێکم پێبوو، دیار نەماوە.

منداڵەکە هەرچەندی کرد نەیدۆزی ودای لە پڕمەی گریان وتـی: دایکم دەمکوژێ!.

وەستاکەم هاتە لام و پرسی: چیبووە؟

وتم:- ئەو منداڵە پارەکەی بزر کـردووە، پێنج نانیشێ دەوێت.

وەستاکەم بە دەمووچاوێکی گرژومۆنەوە وتـی: با بڕاو ئە وخوێڕییە، درۆ دەکات دەیەوێت نانی بە

خۆڕایی بدەینێ.

لە دوورەوە منداڵەکەم دەبینی چاوی لە زەوی دەگێڕا تا پارەکەی بدۆزێ. زۆرم بە زەیی پێیاهاتەوە، پەنجا فلسم لە گیرفان بوو. خۆم هەڵدایە ئەودیو مێزەکە و بە ڕاکردن خۆم گەیاندە منداڵەکە و وتم: مەگری ئەوە پەنجا فلسم بۆ هێناویت، بگەڕێوە نانەواخانەکە نانی پێبکڕە.

- ئەییێت روبعە دینارەکەم بدۆزمەوە، ئەگەر نەیدۆزم دایکم لێمدەدا!.

پەنجا فلسەکەم هەڵدایە کۆشی وگەڕامەوە بۆ نانەخەوانەکە.

زۆری نەبرد مێردمنداڵێکی تر بە فیکە لێدان و گۆرانی منوتنەوە هات و وتی: کوڕەکە دوو نانی برژاوم بدەرێ، تووخوا یەکیان با زێد ببرژێ.

روبعێکی داپێم، منیش باقییەکەییم دایەوە.

بە شەلاعەکەم وت، نانێك زێد ببرژێنە. لەم کاتە منداڵەکە بەردەوام فیکەی لێدەدا. منیش لێمپرسی: ئەرێ چ زەوقێکت هەیە. بەم بەیانییە ئەم فیکە لێدانەت لە چییە؟

- جا تۆش روبعە دینارێك بدۆزیتەوە لە خۆشیا فیکە لێنادەیت؟.

خێرا بانگی وەستاکەم کرد و وتم: ئەم مێردمنداڵە روبعە دینارەکەی دۆزیوەتەوە.

بە منداڵەکەم وت: کەمێك پێش تۆ منداڵێك لێرە بوو روبعیکی بزرکردبوو، بۆی دەگریا. دەبێت تۆ بیدەیتەوە.

منداڵەکە لە پشت مێزەکەی هاوارێکی کرد و وتی:پارەی خۆمەو نایدەمەوە.

تێیچەقاند و لەیەك چرکە دیارنەما.

بە وەستاکەم وت: ماڵیان دەزانم لە کوێوە. بەدوای بکەوم؟

- دانیشە، خوێڕی، خۆ پارەی تۆیان نەخواردووە.

لەم کاتە بۆنی سووتاو وخەڵووز لە تەنوورەکەوە بەرز بووە.

وەستاکەم بە تووڕەییەوە وتی: نانەکەتان سووتاند.

وتم: خەمت نەبێت پارەی نانە سووتاوەکەم وەرگرتووە.

- ئەی ئافەرین.

پاشان ئەو منداڵەی پارەکەی بزرکردبوو گەڕایەوە و پەنجا فلسەکەی دایە دەستم و وتی: پێنج نانم بەرێ. پەنجا فلسەکەم هاویشتە ناو داخیلەکە، روبعە دینارێکم دەرهێنا لەگەڵ پێنج نانی گەرمم بۆ ژمارد و دامە دەستی.

منداڵەکە بەسەر سوورمانییەوە سەیرێکی کردم، بە جوانترین زرەدخەنە کە لە ژیانمدا دیبم، نانەکەی هەڵگرت و لێم دوورکەوتەوە.

## شیشڵدانە سپی یەکە!

شەوانی زستان لە خێزانە هەژارەکەمان میوە و چەرەزات نەبوو تا دایکمان خوانەمان بۆ بڕازێنێتەوە. بەڵکو بەدیار زۆپاکەوە چاوەڕوانی برژاندنی پیازمان دەکرد، کە بۆنی ژوووورەکەی پڕ دەکرد.

شەوێکیان باوکم بڕێك شیشڵدانی ڕەنگاوڕەنگی لەگیرفانی شەڕواڵەکەی دەرهێنا و یەك بەدوای یەك فووی تێدەکردو هەڵیدەدایە ئاسمان، ئێمەش پێشئەوەی زۆر بەرزبێتەوە خۆمان بۆ شیشلدانەکان هەڵدەدا تا بەر کاریتەی ژوورەکە نەکەوێت و بتەقێتەوە.

شیشیلەدانێکی سوور بەر من کەوت وشیشلدانێکی شین بەر براکەم کەوت و خوشکەکەشم سێ چوارشیشلدانی زەرد وسەوزو پەمبە و سپی لەباوەش بوو.

پێش هەموو شت دایکم شیشیلدانە سپییەکەی پڕ لە با کرد وخستییە کۆشی برا بچووکەکەم

کە ئەوکات تەمەنی پێنج شەش مانگێك دەبوو، هەمیشە دەم بەخەندە و پێکەنین و خەپە و گەش وجوان بوو. بەڵام هەردەم دەبوایە لە باوەشمان بکردایە... شەوانیش گرینۆك بوو مەمکی دایکمی لەدەم نەبوایە خەوی لێنەدەکەوت!.

برا گەورەکەم کە چەند ساڵێك لەمن گەورەتربوو خەریکبوو شەوەکەمان لێ تاڵ بکات، چونکە داوای شیشلدانە سوورەکەی دەکرد و دەیگووت: بە شیشڵدانە شینەکەم بیگۆڕەوە.

منیش بە تووڕەییەوە ووتم: شیشلدانی خۆمە و نایدەم بەکەس.

سەرەڕای ئەوەی دایك و باوکم لێمپاڕانەوە و هەموو ڕەنگەکانی تریان لەبەردەمم دانا هەر ووتم نەخێر نایگۆڕمەوە.

براکەم شیشلدانە سوورەکەی لەدەستم ڕاپچلەکاند و کەوتە بەر زۆپاکە و تەقی. خەریکبوو بدەم لە پرمەی گریان، خوشکەکەم وتی: بە خوای چابوو، لە کۆڵ ڕەنگی سوور بووینەوە. وەرن پێکەوە یاری بە شیشڵدانەکانی تر بکەین.

پاش یاری کردن بە هەموو ڕەنگەکان زۆری نەبرد یەك لەدوای یەك شیشلدانەکان تەقین.

لە دواجار شیشیڵدانە سپی یەکە بە تاقی تەنیا مابووەوە کە بە دەستی برا بچکۆلانەکەم بوو،

هەموومان چاومان تێ بڕیبوو نەماندەزانی کە چۆن و بە چ فێڵێك لێی بسێنین.

دایکم دەیگووت کوڕم لێیگەڕێن، وا خافلاوە... ئێوە یاریی خۆتان کرد ئیتر بەسە!.

خوشکەکەم وتی: من لە باوەشی دەکەم ئێوەش شیشڵدانەکەی لێبدزن.

خوشکەکەم کۆرپەکەی کردە باوەشی، ئێمەش دەستمان برد بە قسەی خۆش و گۆرانیوتنەوە: بەبە بچکۆڵە...مەگری مەگری بەرخۆڵە.

پلانەکەمان سەری نەگرت و کۆرپەکە چاوی لە شیشلدانەکە نە دەچرووکاند. هەر کە لەدەستیمان ڕادەپچڕکاند دەیقیژاند. ناچار ئەو شەوە کۆڵمان داو شیشلدانە سپییەکە لەباوەش برا بچووکەکەم مایەوە.

بەم جۆرە شەویکی خۆشمان بردە سەرو هەریەك لە لایەك قاچ بەقەد قاچ یەکەوە خەو بردمانییەوە.

لەگەڵ تاریك ولێلی بەری بەیان لەخەو هەڵسام، باوکم ماڵی جێهێشتبوو چوو بوو بۆ کرێکاری. دایکم لە شیرینی خەودا بوو. خوشك و براکەشم خەونیان دەبینی!.

لە نێوان دایکم و دیوارەکە شیشڵدانە سپییەکەم بینی بەرزو نزم دەبووەوە. بە ئاسپایی چووم بۆ

لایەوە.

برا بچکۆڵانەکەم بوو لە برسانە گرێی شیشڵدانەکەی دەمژی.

زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و دەستم بەسەریدا هێنا.

ئەویش بە دەستە نەرم و ناسکەکەی توووند شیشلدانە سپییەکەی لەباوەش گرت و بەچاوە گەشەکەی کە پڕ لە مهرەبانی بوو، بە گخە گخێك وەڵامی دامەوە!.

# تەنیایی!

لە داخی ئەم بەفرو تۆفانە دوێنێ شەو چوومە بارێکەوە، پڕی لە کچی جوانبوو، کە لەگەڵ قاقای پێکەنینیان مەمکیان دەلەرزی. یەك دۆلکە بیرەم لەسەر مێزەکەم دانا، بەدەم خواردنەوە تەماشەی ئەو خەڵکەم دەکرد. پیرەمێردێکم بینی روخساری لام ئاشنا بوو، ئەویش وەك من بەتەنیا دانیشتبوو و خەیاڵ بردبوییەوە.

لەگەڵ دەنگی مۆسیقاو گۆرانییەکان هەرکەس لە لای خۆیەوە سەمای دەکرد، پاش ئەوەی مەستبووم، پێیەکانم لەژێر مێزەکەوە کەوتنە جووڵە و ئارەزووی شاییان دەکرد. پیرەمێردەکە هاتە تەنیشتمەوە، وتی: هەڵسە سەما بکە کاتت زۆر بەدەستەوە نەماوە!.

چاوم گێڕا کەس نەبوو لەگەڵیا سەما بکەم. کچ و کوڕەکانم بینی خۆیان بادەدا و لەگەڵ ڕیتمی مۆسیقاکە هەڵدەپەڕیین، کچێکی دووگیانەش

لەگەڵ برادەرکانی یاری بلیاردی دەکرد.

نیوە شەو تێپەڕی منیش فوول سەرخۆش بووم. کچە گارسۆنەکە هاتە لامەوە و وتی: چارەگێکی تر بارەکە دادەخەین دەتەوێ بیرەیەکی تر بخۆیتەوە؟. وتم: نەخێر.چووم بۆ میزکردن بینیم پیرەمێردەکە بەسەر بەڵووعەکەوە خەو بردییتیەوە! گەڕامەوە بۆ ناو بارەکە، گوێم لە هاوار و فیزاحی ژن وگریانی کۆرپەیەك بووا. لەسەر تەختەی بلیاردەکە منداڵێك لەدایك بووا.شەوێکی سەیربوو، پیرەمێردێك لار ببووەوە، منداڵێك لە دایك بوو، منیش بە تەنیا گەڕامەوە ماڵ